# کوردستانێکی بریندار لەبەردەم دووبارەبوونەوەی غەدرو تاوانی ناو مێژوودا

**چۆن ڕووبەڕووی هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژوو دەبینەوە بوغز و کینە.. هەڵە و تاوانەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و وەک دڕندەیەک بەردەوام دەیجووڵێنێت**





**هەڵە و تاوانەکانی مێژوو بە ئاسانی نامرن و بوغز و کینەی ئەنجامدەرانی ئەو هەڵە و تاوانانە دەبێتە ئایدیۆلۆژیەتێکی خراپ و شوێنکەوتووانی ئەو بوغز و کینەیە جارێکی دیکە لە قۆناخ و فۆرمێکی جیاوازدا، نەک هەر ئەو هەڵە و تاوانانە زیندوو دەکەنەوە، بەڵکو دەیکەنە درندەیەک دژ بە نەتەوەکەی خۆیان و مێژووی ئێستاو داهاتووشی ناشیرین دەکەنەوە**

**لۆژیک و ئەزموونی بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زەمینەیەکی لەباری دروست کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە قسەی تاقمی ئەنجامدەری ١٦ی ئۆکتۆبەر فریو نەدرێن و پیلانەکانیان جێبەجێ نەکرێت**

مێژووی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانیش وەك تەواوی مێژووی بزاف و نەتەوەکانی دیکەی جیهان، لە هەڵە و تاوانی گەورەی مێژوویی بەدەر نییە، بۆیە کاتێك هەر نەتەوەیەك بیەوێت رووبەڕووی ئەو تاوان و هەڵانە ببێتەوە کە بۆتە بەشێك لە مێژووی نەتەوەکەی، دەبێت لەو راستییەوە هەنگاو هەڵبگرێت کە هەڵە و تاوانەکانی مێژوو بە ئاسانی نامرن و بوغز و کینەی ئەنجامدەرانی ئەو هەڵە و تاوانانە دەبێتە ئایدیۆلۆژیەتێکی خراپ و شوێنکەوتووانی ئەو بوغز و کینەیە جارێکی دیکە لە قۆناخ و فۆرمێکی جیاوازدا، نەك هەر ئەو هەڵە و تاوانانە زیندوو دەکەنەوە، بەڵکو دەیکەنە درندەیەك دژ بە نەتەوەکەی خۆیان و مێژووی ئێستاو داهاتووشی ناشیرین دەکەنەوە.

تۆماس جیفرسۆن لە دارشتنی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکادا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، هەموو ئەمریکییەکان ئازادن و هەموویان هاوولاتی ئەمریکان و مافەکانیان پارێزراو دەبێت و هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە ئەو مافانە دەستکاری بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە نابێت چیدیکە کۆیلەیەتی بمێنێنت، بەڵام هەڵە و تاوانی جیفرسۆن ئەوە بوو کە کاتێك بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای نووسیوە، خۆی کۆیلەی هەبووە، لەمەش زیاتر ئەو مافانەی بۆ هاوولاتیانی ئەمریکا لە بەیانی سەربەخۆیی ئاماژەی پێکراوە، تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بووەو کۆیلایەتی هەر بوونی هەبووەو هاوولاتیانی ئەمریکا بە یەکسانی سەیرنەکراون و هەموویان مافی دەنگدانیان نەبووە، ئەم هەڵە و تاوانەی ناو مێژووی سەربەخۆیی ئەمریکا لە دارشتنی دەستووری ئەمریکا بەهەمان شێوە رەنگدانەوەی هەبووە و درێژەی پێدراوە، لەمەش خراپتر ئەم تاوان و هەڵەیە بووە ئایدیۆلۆژیەتێك دژی یەکسانی بۆ ماوەی زیاتر لە ٨٠ساڵ، هەتا ئەبراهام لنکۆڵن شۆرشی کۆیلایەتی هەڵگیرساند و یەکێتی نێوان ویلایەتەکانی ئەمریکا لە یەکێتی بە زەبری چەك گۆری بۆ یەکێتی ئارەزوومەندانە.

شارل دیگۆل لەدوای ئازادکردنەوەی فەرەنسا لەژێر دەستی نازی، هەوڵیدا هەڵە و تاوانی حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەم لەناو مێژووی فەرەنسادا راست بکاتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە فەرەنسا بتوانێت، مێژووی ئێستای بە شۆرشی فەرەنساوە گرێبداتەوە و فەرەنسا بکاتەوە بەو وڵاتەی کە کاریگەری لەسەر هەموو رەوتی رووداوەکانی جیهان هەبێت، بەڵام بوغز و کینەی حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەمی فەرەنسا بەرامبەر یەکدی گەیشتبووە ئەو ئاستە ترسناکەی، لەبری ئەوەی بیر لە گێرانەوەی شکۆی فەرەنسا بکەنەوە، هەر ئەو حزبانە خۆیان بوونە فاکتەری لاوازی و ناسەقامگیری سیاسی و حوکمرانی فەرەنسا و کار گەیشتە ئەوەی مەترسی جددی بکەوێتە سەر دەوڵەتی فەرەنسا، هەر بۆیە لەساڵی ١٩٥٨ دیگۆل گەیشتە ئەو قەناعەتەی لەبازنەی سیستمی حزبایەتی کۆماری چوارەمدا، رێگەی رزگارکردنی فەرەنسا بوونی نییە و دەبێت سیستمی کۆنی حزبایەتی بگۆرێت و لە چوارچێوەی راگەیاندنی کۆماری پێنجەمدا سیستمێکی نوێی حزبایەتی دامەزراند و سیستمی دەوڵەتی لە پەرلەمانییەوە گۆری بۆ سیستمی سەرۆکایەتی تێکەڵاو کە پسپۆرانی زانستی سیاسەت و ناویان لێنا «کۆماری پادشایەتی» ئەمەش بەو مانایەی ئەو دەسەڵاتەی لە کۆماری پێنجەمدا بە سەرۆکی وڵات دراوە، هاوتای ئەو دەسەڵاتەیە کە پادشایەکی رەها لە شانشینەکەی خۆیدا هەیەتی، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی دیگۆل تەواوی ئەو دەسەڵاتانەشی کە دەستووری کۆماری پێنجەم پێی دابوو، وەك خۆی بەکاری نەهێنا، بەڵام توانی لەسەر ژێرخانی فەرەنسایەکی لاواز بەردی بناخەی یەکێتی ئەوروپا دابنێت، ساڵی پاریش سەرۆك ماکرۆن دیسان وەك دیگۆلی سەدەی بیست و یەك، گەیشتەوە ئەو قەناعەتەی لە چوارچێوەی سیستمی حزبایەتی ئێستای فەرەنسادا، کێشەکانی وڵات چارەسەر ناکرێت، بۆیە خۆی نەکرد بە جەمسەری سێیەم لە نێوان باڵی چەپ و راستدا، بەڵکو ئەو سیستمەی لەبەریەك هەڵوەشاند و سیستمێکی تازەی راگەیاند و توانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت و

کۆتایی بە سازشی نێو هاوپەیمانییە حزبییەکان بهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئێستای فەرەنسا.

ئەڵمانیای دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە لەناو هەڵەو تاوانەکانی هیتلەر نقووم ببوو، لەگەڵ ئەوەی ئاکامی شەڕەکە وڵاتەکەی لەنێوان یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و رۆژئاوا دابەشکرد بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەڵات، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات کەوتە ژێر کاریگەری پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و نەهاتن هەوڵی راستکردنەوەی هەڵە و تاوانەکانی هیتلەر بدەن و لەناو مێژووی ئەڵمانیادا بیسڕنەوە، بەڵکو تێکشکاندنی نازیەتیان کردە شانازییەك بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیستی، ئەمەش مانای ئەوەیە نەیانتوانی مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەڵمانیای رۆژئاوا کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی بەرەو دیموکراتیەتی لیبراڵی رۆژئاوا لەسەر فۆرمی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا هەنگاوی بۆ ئایندە هەڵگرت، هەڵە و تاوانەکانی هیتلەر و نازیەتی نەکرد بە شانازییەك بۆ سەرکەوتنی دیموکراتیی رۆژئاوا، هەتا بەرەیەکی دژ بە دیموکراتی لە وڵاتەکەیدا بکاتەوە، بەڵکو وەك هەڵە و تاوانی ناو مێژووی نەتەوەی ئەڵمان سەیری کرد و کردی بە ئەرکی ئەڵمانییەکان بۆ ئەوەی ئەو هەڵە و تاوانانەی نازی لەناوی مێژووی ئەڵمانیادا بسڕنەوە. هەر بۆیە ئەو حزب و گرووپانەشی لەدوای کۆتایی شەڕەکە هەوڵیاندا جارێکی دیکە ببنەوە جووڵێنەری فیکری نازیەت بۆ ئەوەی وەك دڕندەیەك بیجووڵێنن، نەیانتوانی جارێکی دیکە جێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیا بکەنەوە، ئێستاش لەسەردەمی ئەنگێلا مێرکلدا وەك لە یەك دوو ساڵی رابردوو بینیمان، ئەو ئەڵمانیایەی لەسەردەمی هیتلەر بووە هۆکاری دەربەدەربوون و ئاوارەکردنی نزیکەی ٣٠-٤٠ ملیۆن هاووڵاتی لە نەتەوە جیاوازەکان، ئێستا هەر ئەو ئەڵمانیایە بۆتە نموونەی لێبووردەیی و دەرگاکردنەوەی بۆ ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە لەکاتێکدا هەستی دژایەتی ئیسلام و موسڵمان لەتەواوی وڵاتانی رۆژئاوادا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە لەو پەڕی بەرزیدایە.

لەوانەیە هەندێك جاریش هێزی دەرەکی هەڵە و تاوانی گەورە لە مێژووی نەتەوەکاندا دروست بکات، وەك هەڵە و تاوانی شانشینی بەریتانیای مەزن لە مێژووی بە زۆر دروستکردنی دەوڵەتی عێراقدا، ئەوجا لەمەش ترسناکتر ئەوەیە بە درێژایی ١٠٠ ساڵی رابردوو لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەوە، ئەم هەڵە و تاوانەی بەریتانیا کە بریتییە لە (پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی عێراق) بۆتە ئایدیۆلۆژیەتێکی شۆڤێنی عەرەبی و هەر لە دانانی مەلیك فەیسەڵەوە تا دەگاتە ئێستای حەیدەر عەبادی، داکۆکییەکی کوێرانەی لێدەکرێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە کرابێتەوە کە ئەو هەڵە و تاوانەی بەریتانیا لە مێژووی عێراقدا کردوویەتی، راستی بکەنەوە، راشکاوانەتر چۆن ئەبراهام لنکۆڵن هەڵەی جیفرسۆن و تەواوی سەرۆکەکانی پێش خۆی راست کردەوە و یەکێتی بە هێزی چەك گۆڕی بۆ یەکێتی ئارەزوومەندانە، بەڵام هێشتا لە عێراقدا، ئایدیۆلۆژیەتی شۆڤێنی عەرەبی بۆتە جووڵێنەری ئەو هەڵە و تاوانانە و وەك دڕندەیەك لە دژی سەقامگیری و ئاسایش و خۆشگوزەرانی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دەیجووڵێنن، هەتا ئەو هەڵە و تاوانەی بەریتانیاش لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا راست نەکرێتەوە، ئەوا یەکپارچەیی عێراق دەبێتە ئەو دڕندەیەی کە ئایندەی عێراق دەسووتێنێت.

بێگومان مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و نەتەوەی کوردیش، لەهەڵە و تاوانی مێژوویی بەدەر نییە و، ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەوەی لەماوەی ٦٠ ساڵی رابردوو هەموو دەرفەت و هەلێك لەدەست کورد بچێت و هیچی بەهیچ نەبێت، بە پلەی سەرەکی و یەکەم، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەی کورد و سەرکردایەتی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، نەیتوانیووە ئەو هەڵە و تاوانانە پێناسە و دەستنیشانیان بکات و لە رەگەوە ریشە کێشی بکات، لەمەش خراپتر بوغز و کینەی هەڵە و تاوانی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بۆتە ئایدیۆلۆژیەتێك و لەژێر چەتری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا جێگەی خۆی

ماکماستەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، دەڵێت: «ئامانجی ئێمە چۆن پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە، بە هەمان شێوەش پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی کورستانە»، ئەم قسە تازەیەی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، ئاماژەیەکی راست و راشکاوانەیە بۆ ئەوەی رێگە نادەن، شیعە وەکیلەکانی ئێران بە رێگەی وەکیلەکانیان لە کوردستان زەمینە بۆ دوو ئیدارەیی، یان دابەشکردنی کوردستان خۆش بکەن

هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە لەماوەی تەنیا یەک هەفتەدا، جارێک لە ئامۆژگای ئەتلەنتیک ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە باسکردنی مەترسییەکانی کۆریای باکوورەوە دێتە سەر قۆناخی دوای داعش لە عێراقدا و راشکاوانە ئەوە بە جیهان رادەگەیەنێت کە ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا لەچوارچێوەی دەستوور دەست بکەن بە دیالۆگ و دەبێت بەتەواوەتی دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت و بەمەش کۆمەڵێک گرفت و نەهامەتی کوردستان چارەسەر دەبێت کە بەهۆی پێشێلکردنی ئەو دەستوورە دوچاری بوون

**حەیدەر عەبادی لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئەوە ماوەی ٦٤ ڕۆژە وەک سەدام حوسێن خۆی لێ بۆتە پاڵەوان و وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناداتەوە، بۆیە ئەگەر بە میتۆدی سەدام و بەعس، ئەمجارەشیان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ عەبادی و شیعە بکات، ئەوا پێدەچێت سەبر و ئارمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی ٣-٤ مانگی دیکە ملهوڕی عەبادییش تاقی بکاتەوە، ئەوجا دەرگایەکی دیکە بە ڕووی کوردستاندا بکاتەوە و وەک کوەیت ئازادی بکاتەوە**

**چۆن سەدام و بەعس لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانیان، دەرگایەکیان بۆ کوردستان ئاواڵا کرد، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی سەدام و بەعس دروستیان کرد، بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت پڕی بکەنەوە، لە ئێستاشدا پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و گوشار خستنە سەر عەبادی و بەغدا بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، دەرگایەکی دیکە بە ڕووی کوردستاندا بکرێتەوە**

کردۆتەوە و، لە فۆرمی حزبێکی سیاسیدا هەڵە و تاوانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان وەك ململانێی حزبی و جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی نێوان حزبە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدرێت و نەوەی ئێستا و داهاتووی لەسەر پەروەردە دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی حزبی سیاسی باڵاتر بێت لە نەتەوە و نیشتمان و دەوڵەت و بەرژەوەندیی حزبی چۆن بخوازێت، ئەوا دەبێتە ئەو هێزەی کە جارێکی دیکە هەمان هەڵە و تاوانی ناو مێژوو بکاتە دڕندەیەك و ئایندەی کوردستانی پێ بسووتێنێت، هەروەك چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، بوغز و کینە، هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە ئەو دڕندەیەی کە هەڵی سەربەخۆیی کوردستانی لەدەستداو ئێستاش هەمان بوغز و کینە هەڕەشەی شەڕێکی خوێناوی بۆ سووتاندنی هەموو دەستکەوتەکان لە کوردستانێکی بریندار دەکات.

**● ئەگەر هەمووشمان بمرین، دەبێت برینەکان سارێژ بکرێن و کوردستان بە زیندوویی بمێنێتەوە**

کورد یەکەم نەتەوە نییە کە نەیتوانیبێت بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ هەڵە و تاوانی ناو مێژووی خۆی بکات، بەڵکو بەشی هەرە زۆری گەلان و نەتەوەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە پرۆسەی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مێژووی دەوڵەت و نەتەوەکانیان شکستیان هێناوە، ئەو هەموو کارەساتەش کە ساڵ لەدوای ساڵ و دەیە لەدوای دەیە بەسەر دەوڵەت و نەتەوەکانیان دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە نەیانتوانیوە هەڵە و تاوانی ناو مێژووی خۆیان ڕاست بکەنەوە.

دیارە ئێمەی کوردیش وەك تەواوی نەتەوەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بە هەمان شێوە لە ڕاستکردنەوەی هەڵە و تاوانی ناو مێژووی خۆمان شکستمان هێناوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هێندەی هەوڵمانداوە ئەو هەڵە و تاوانانە پەردەپۆش بکەین، هەوڵمان نەداوە کە هەڵە و تاوانەکان وەك نەخۆشی دەستنیشان بکەین و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە ڕاشکاوانە دەست بخەینە سەر برینەکان و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا هەڵە و تاوانی خۆمان وەك کورد لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوو لە ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا چییە؟ بێگومان وەڵامی ڕاستگۆ و ڕاشکاوانەی ئەم پرسیارە تەنیا لایەنێك تۆمەتبار ناکات و لایەنەکەی دیکە سەرفراز ناکات، بەڵکو کۆی شێواز و سیستمی حزبایەتی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەدەنگی بەرز دەڵێت: لەناو ئەو شێواز و سیستمە حزبایەتییەی بە درێژایی ٦٠ ساڵی ڕابردوو لە کوردستاندا کاری حزبایەتی پێکراوە، ئەو توانایەی نییە نەك هەر هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ڕاستبکاتەوە، بەڵکو ژینگەی سیستمی حزبایەتی هەتا ئێستاش لە کوردستاندا ئەو بوارەی نەڕەخساندووە هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژووی خۆمان دەست نیشان بکەین.

دیارە مەبەست لە هەڵە و تاوان، هاوتاکردنی نییە بەرامبەر بە خیانەت، یان پڕوپاگەندەی حزبی بۆ شاردنەوەی هەڵەی لایەك دژی لایەکی دیکە، بەڵکو مەبەست لە هەڵە و تاوان ئەوەیە کە کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوو بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشانی.

لەم بازنەیەدا هەڵەی کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان دەکەوێتە چوارچێوەی بیرکردنەوەی هەڵەی هەموومان لە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی و تاوانەکەشمان ئەوەیە پێناسەی نەتەوە و وڵاتمان لەگەڵ حزب تێکەڵ کردووە، هەر بۆیەشە هەڵە و تاوانی ناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، وەك جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی لایەنێکی سیاسی بەرامبەر ئایدیۆلۆژیەتی لایەنێکی دیکەی سیاسی بەرجەستە بووە، ئەمە لەکاتێکدا هەڵە و تاوانی ناو ئەو مێژووە، بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە سەرشانی کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان و ئەم هەڵە و تاوانە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بیرکردنەوەی حزبی لە خوێندنەوەی قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی هەڵەی کردووە و بەرژەوەندی حزبی خستووەتە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمان، ئەمەش تاوانێکە لە دژی ئایندەی




نەتەوەو نیشتمان.

لەوانەیە ئەمە دەروازیەکی باش بێت بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە بورووژێین و بپرسین: ئەو هۆکارانە چی بوون کە لە ساڵی ١٩٦٤ بوونە هۆکاری لێکترازان لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا؟ بەداخەوە لەبەر ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم کارەساتە مێژووییەی نەتەوە و نیشتمان نەکراوە، ئەوا ئێستا هەرچۆنێك بگەڕێینەوە سەری وەك جیاوازی نێوان دوو ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی خۆی بەرجەستە دەکات و لە ئامانجە سەرەکییەکە دوور دەکەویەوە کە جارێکی دیکە لێکترازان لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی دروست نەبێتەوە و هەل و دەرفەتەکان لەدەست کوردستان نەچن. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بۆ شۆڕش و حزبایەتی و پاشانیش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوا ئەو مێژووە پێمان دەڵێت:

١. مستەفا بارزانی پێش ئەوەی حزب دروست بکات، شۆڕشی بەرپا کردووە.

٢. پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێنێت، لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا لیژنەی ئازادی دامەزراندووە.

ئەم دوو خەسڵەتەی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی چەند خاڵێکمان پێدەڵێت، لەوانە:

١. لەبیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-دا، حزب شۆڕش ناکات، بەڵکو ئیرادەی نەتەوە شۆڕش دەکات و، دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکانیش بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییان لەناو چوارچێوەی ئێرادەی نەتەوەدا کۆببنەوە، بارزانی مستەفا لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا بە کردەوە ئەمەی دروستکرد و هەموو حزبەکان و ئەفسەرانی رزگاریخواز و کەسایەتییەکانی ناو شۆڕشەکەی لەناو لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش کۆکردەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-دا، قۆناخی رزگاری نیشتمانی بریتییە لەو قۆناخەی کە دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان و خەڵکانی شۆڕشگێر و کەسایەتییەکان کە دێنە

**گرنگە رێگە نەدرێت بە فێڵکردن لە یاساکان، بەتایبەتی یاسای رۆژنامەگەری و چاپەمەنی و بەناوی بیروڕای ئازادەوە، دژایەتی ئازادی و شکۆ و بەرژەوەندییەکانی کوردستان بکرێت. ئێستا لە جیهاندا تەواوی تیرۆریستان لەژێر چەندین ناوی جیاوازدا فێڵ لەیاساکانی دیموکراتی دەکەن و، وەک چەکێک دژی سیستمە دیموکراتییەکان بەکاری دەهێنن**

**ئەوانەی دەکەونە ناو بازنەی ئەنجامدەرانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هەموو ئەو خەڵکانەش لەناو بەشێک لە حزبەکان پشتگیرییان دەکەن، کەمینەیەکی زۆر کەمی ناو هێزە سیاسییەکانی کوردستانن، ئەگەر بە راست و دروستی مامەڵە لەگەڵ کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بکرێت، ئەوا بۆغز و کینەی ئەو تاقمە و ئەوانەش پشتگیریان لێدەکەن، نابنە ئەو هێزەی کە بتوانن ئەو هەڵە و تاوانە بکەنە دڕندەیەکی دیکە و بە ئارەزووی خۆیان ئەو دڕندەیە بکەن بە گژی خەڵکی کوردستاندا، بە پێچەوانەوە ماهییەتی ئەمانە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبێت و لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە**

**دوژمنانی کوردستان بە رێگەی بەکارهێنان و هاندانی بوغز و کینەی هەڵە و تاوانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، توانیان کارەساتێکی دیکە بەسەر کوردستاندا بهێنن، بەڵام بۆ ئێستا زۆر گرنگە ئەو فاکتەرەی بەردەستی دوژمنانی کوردستان پووچەڵ بکرێتەوە**

ناو شۆڕشەکە، ملکەچی ئیرادەی نەتەوە بن کە خاوەنی شۆڕشەکەیە.

٢. لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٤٦، مستەفا بارزانی پارتی وەك حزبێکی رۆژهەڵاتی، یان جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتێکی قەومی، یان ئایینی، یان کۆمونیستی دانەمەزراند، بەڵکو پارتی کردە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی تەواوی حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بیرنەتەوەی کورد و کوردستانی تێدا لەدایك بێت، بەڵام لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، راستەوخۆ مستەفا بارزانی رووی کردە یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ماوەی ١٢ ساڵ لەوێ بە پەنابەری مایەوە، ئەمەش واتە ماوەی ١٢ ساڵ مستەفا بارزانی لە پارتی دوور کەوتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیە دوو وەرچەرخانی دروست کرد، یەکەمیان وەرچەرخانێکی گرنگ و ئەرێنی بوو لە بیرکردنەوەی بۆ قۆناخی رزگاری نیشتمانی و حزب لەو قۆناخەدا، دووەمیان وەرچەرخانێکی نەرێنی بوو پارتی گەڕایەوە بۆ سیستمە کۆنەکەی حزبایەتی ئەو سەردەمە واتە وەك حزبێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو.

٣. بە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ بۆ عێراق، جارێکی دیکە بووەوە بە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام خودی مستەفا بارزانی لەناو پارتی رووبەڕووی کۆمەڵێك دیاردە بووەوە کە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو نەدەگونجان، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٩ یەکەمین کۆنگرەی پارتی کە کۆنگرەی چوارم بوو لە بەغدا بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی گرێدرا و کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گرنگ لە سیاسەت و سەرکردایەتی پارتی ئەنجامدرا، بەمەش جارێکی دیکە پارتی بووەوە بە هەمان ئەو پارتەی کە مستەفا بارزانی بیری لیکردبووەوە. لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ کاتێك خەڵکی کوردستان شۆڕشی بەرپاکرد، پارتی بووە بزوێنەری شۆڕشەکە و جارێکی دیکە هەموو کوردستانی پێکەوە کۆکردەوە.

٤. لەساڵی ١٩٦٤ دوای ٣ ساڵ مقاوەمەتی شۆڕش، حکومەتی عێراقی ناچار کرد داوای ئاگربەست و دانوستاندن بکات، بۆ ئەمەش مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ رای خەڵکی کوردستان و لە شاری کۆیە کۆنفرانسێکی بۆ پیاوماقووڵ و کەسایەتییەکانی کوردستان گرێدا بۆ ئەوەی بزانرێت، ئایا ئەم ئاگربەستە لەگەڵ حکومەت بکرێت، یان نا، ئەوە بوو رای خەڵکی کوردستان ئەوە بوو ئەو ئاگربەستە بکرێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومەکانیان پێویستیان پێیەتی، لەسەر ئەم بنەمایە مستەفا بارزانی لایەنگری رای خەڵکی کوردستان بوو، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی بەوجۆرە بیریان دەکردەوە، چۆن دەبێت حزب بەو گەورەییەی خۆی ملکەچی رای خەڵکی جووتیار و رەش و رووتی کوردستان بێت، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەو خەڵکە ملکەچی فەرمانەکانی حزب بێت، لەم دووڕیانەدا مستەفا بارزانی پابەندبوونی خۆی بە بڕیاری خەڵك سەلماندو ئاگربەستی راگەیاند، بەڵام مەکتەبی سیاسی دژایەتی خۆی بۆ بارزانی راگەیاند و کەوتە پڕوپاگەندەکردن بەوەی گوایە مستەفا بارزانی کوردستانی بە (سێو و پرتەقاڵ) فرۆشتووە، ئەمەش بووە هۆی لێکترازان لەناو پارتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا.

٥. مستەفا بارزانی لەماوەی ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٦ زۆر بە لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم لێکترازانە کرد و داواشی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کرد کە کۆنگرە گرێ بدرێت و لەکۆنگرە ئەم پرسە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوە بوو بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خۆیان یاخیکرد و لەساڵی ١٩٦٦ ئەم ناکۆکییە سیاسییەیان کرد بە شەڕی چەکداری دژی شۆڕشی کوردستان.

٦. جێگەی ئاماژە پێکردنە لە هەردوو قۆناخی ١٩٦٤-١٩٦٦، هەروەها لە ١٩٦٦-١٩٧٠، مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی پارتی زۆر لۆژیکانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم لێکترازانە کرد و بە تەواوەتی بەرەی شۆڕش و دژە شۆڕشیان بۆ خەڵکی کوردستان لێك جیاکردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ و دوای ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئادار، سۆزی کوردایەتی بۆ یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان بە هەر نرخ و

ڕێگەیەك بێت، زاڵ بوو بە سەر چارەسەری ڕاستەقینەو بەبێ ئەوەی کۆنگرەیەکی میللی بۆ دەستنیشانکردنی هەڵە و تاوانەکان، (وەك ئەوەی لە باشووری ئەفریقیا بۆ لە ریشەهەڵکێشانی فیکری ئەپارتاید گرێدرا)، لە کوردستانیش گرێ بدرێت بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی پرۆسەی (دانپێدانان بە ڕاستییەکان) سەرلەنوێ پێناسەی حزب و قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی بکرێتەوە، بە بڕیارێك حزبەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی هەڵوەشێندرایەوە و تێکەڵاوی پارتی کرایەوە، بەمەش نەتوانرا نە هەڵە و تاوانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەستنیشان بکرێت و پاشان چارەسەر بکرێت، نە توانراش سیستمی کۆنی حزبایەتی لە کوردستان بگۆڕێت بە سیستمێکی نوێ کە جارێکی دیکە ئەو هەڵە و تاوانەی تێدا ڕوو نەداتەوە.

ئەم پاشخانە مێژووییە بریتی نییە لە گێڕانەوەی مێژوو، بەڵکو هێنانەگۆی ئەو هەڵە و تاوانەیە کە لەناو ئەو مێژووە هەیە و ڕاستیەکانمان وەك خۆی بۆ باس دەکات و پێمان دەڵێت، ئەگەر ئەم هەڵە و تاوانە ڕاست نەکرێتەوە، چەندین جاری دیکەش دووبارە دەبنەوە، هەروەك چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو بە شێوەیەکی زۆر ترسناك دووبارە بووەوە و ناو و کەرامەتی کوردستان و پێشمەرگەی لە بەردەم ڕای گشتی جیهاندا بە شێوەیەکی ناشیرین پێناسە کردەوە.

### ● چۆن لەگەڵ هەڵە و تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەر مامەڵە بکەین؟

کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، دەرهاویشتەیەکی دیکەی خراپی هەڵەو تاوانی ناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستانە کە نزیکەی شەش دەیە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، هەر بۆیە چۆن لێکترازان و شەڕی نێوان کورد و کورد هەڵە و تاوانە، بەهەمان شێوە مامەڵەکردنی هەڵەش لەگەڵ ئەم دیاردەیە بە هەمان شێوە هەڵە و تاوانێکی دیکەیە. ڕاشکاوانەتر چۆن هەڵە و تاوانی ساڵی ١٩٦٤، هەڵە، یان تاوان نەبووە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو هەڵە و تاوان بووە دژی خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، بەهەمان شێوە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بەڵکو دژی هەموو خەڵکی کوردستانە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە. کەواتە ئەوە مافی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە کە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەك خیانەت دژی خۆی لە قەڵەم بدات، یان پەردەپۆشی بکات بە بیانووی ئەوەی خزمەتی یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان دەکات، بەڵکو هەنگاوی ڕاست بەپێی ئەزموونی هەموو نەتەوەکانی جیهان ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری حزبە هاوپەیمانەکانی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، هەنگاوی تازە هەڵبگرێت و بە بۆچوونێکی تازەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کارەساتە بکات لەوانە:

١. لەبەر ئەوەی هێشتا کوردستان دەوڵەت نییە، کەواتە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی بەردەوامە و لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە، گەڕاوینەتەوە بۆ قۆناخی (کوردستان یان نەمان) بۆیە بەو سیستمە کۆنەی حزبایەتی کە هەتا ئێستا لە کوردستان کاری حزبایەتی پێکراوە، چیتر حزبایەتی ناکرێت و دەبێت بیر لە دامەزراندنی سیتمێکی نوێی حزبایەتی بکرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەوە گرنگ نییە حزبی سیاسی چ ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسی هەیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە لەم سیستمە نوێیەدا، هەموو حزبەکان لەسەر هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بگەنە پێناسەیەکی هاوبەش، ئەو پێناسەی کە خەڵکی کوردستان چوارچێوەکەی دیاری دەکات.

٢. ئەوەی جێگەی گەشبینی و دڵخۆشییە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەوەیە لەناو سەرکردایەتی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، خەڵکانێك هەن کە لە بازنەی نیشتمانی و نەتەوەیی سەیری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکەن، بۆیە گرنگە ئەنجومەنێکی باڵای هاوبەش لە سەرکردەی هەموو حزبەکان بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی هاوبەش بەرامبەر کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر پێکبهێنرێت و ئەوانەی کە دەبنە لایەنگری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە هێڵە نیشتمانییەکە جیابکرێنەوە و ڕێگە نەدرێت تێکەڵاوی دامەزراوەکانی هەرێمی

**لەناو سەرکردایەتی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، خەڵکانێک هەن کە لە بازنەی نیشتمانی و نەتەوەیی سەیری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکەن، بۆیە گرنگە ئەنجومەنێکی باڵای هاوبەش لە سەرکردەی هەموو حزبەکان بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی هاوبەش بەرامبەر کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر پێکبهێنرێت و ئەوانەی کە دەبنە لایەنگری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە هێڵە نیشتمانییەکە جیابکرێنەوە**

**مافی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە کە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەک خیانەت دژی خۆی لە قەڵەم بدات، یان پەردەپۆشی بکات بە بیانووی ئەوەی خزمەتی یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان دەکات، بەڵکو هەنگاوی ڕاست بەپێی ئەزموونی هەموو نەتەوەکانی جیهان ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری حزبە هاوپەیمانەکانی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، هەنگاوی تازە هەڵبگرێت و بە بۆچوونێکی تازەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کارەساتە بکات**

**لەبیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-دا، حزب شۆڕش ناکات، بەڵکو ئیرادەی نەتەوە شۆڕش دەکات و، دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکانیش بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییان لەناو چوارچێوەی ئیرادەی نەتەوەدا کۆببنەوە**

**مستەفا بارزانی لەماوەی ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٦ زۆر بە لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو لێکترازانە کرد و داواش لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کرد کە کۆنگرە گرێ بدرێت و لەکۆنگرە ئەم پرسە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوە بوو بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خۆیان یاخیکرد و لەساڵی ١٩٦٦ ئەم ناکۆکییە سیاسییەیان کرد بە شەڕی چەکداری دژی شۆڕشی کوردستان**

**کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو، دەرهاویشتەیەکی دیکەی خراپی هەڵەو تاوانی ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانە کە نزیکەی شەش دەیەیە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، هەر بۆیە چۆن لێکترازان و شەڕی نێوان کورد و کورد هەڵە و تاوانە، بەهەمان شێوە مامەڵەکردنی هەڵەش لەگەڵ ئەم دیاردەیە بە هەمان شێوە هەڵە و تاوانێکی دیکەیە**

کوردستان لەهەر سێ دەسەڵاتی راپەڕاندن و یاسادانان و دادوەری ببنەوە.

٣. دوژمنانی کوردستان بە رێگەی بەکارهێنان و هاندانی بوغز و کینەی هەڵە و تاوانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، توانیان کارەساتێکی دیکە بەسەر کوردستاندا بهێنن، بەڵام بۆ ئێستا زۆر گرنگە ئەو فاکتەرەی بەردەستی دوژمنانی کوردستان پووچەڵ بکرێتەوە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە رێگە نەدرێت بە رێگەی دژایەتیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم بوغز و کینەیەی هەڵە و تاوانی مێژوو بشارنەوە، هەر بۆیە پارتی ئەرکی گەورەی لەسەرشانە بەوەی بۆ خەڵکی کوردستانی بسەلمێنێت، ئەو بوغز و کینەیەی تاقمێك بە ناوی دژایەتی پارتی دەیشارنەوە، بوغز و کینەی هەڵە و تاوانی مێژووە و دژی هەموو خەڵك و ئامانجەکانی کوردستانە، بۆ ئەمەش دەبێت بە هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو حزبەکان و بە بەشداری خەڵکی کوردستان رووی راستەقینەی بوغز و کینەی هەڵە و تاوانی مێژووی ئەو تاقمە بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات.

٤. مێژووی نەتەوەکانی جیهان بۆ راستکردنەوەی هەڵە و تاوانی ناو مێژوو، پێمان دەڵێت، هیچ نەتەوەیەك نەیتوانیوە بە دیالۆگ و وتووێژ و رێگەچارەی ئاشتییانە هەڵە و تاوانی ناو مێژووی خۆی راست بکاتەوە، هەر نەتەوەیەکیش بەپێچەوانەی ئەمە هەوڵی دابێت، هەڵە و تاوانی ناو مێژوو راست بکاتەوە، ئەوا وەك مەهاتما گاندی باوکی رۆحی هیندستان، سەری خۆی لەسەر داناوەو پاشانیش نەیانتوانیوە رێگە بە توندوتیژیی سەرتاسەری بگرن، بۆیە ئێمەش ئەگەر پێمانوابێت بە باس نەکردنی ئەم کارەساتە و تاقمە ئەنجامدەرەکەی دەتوانین ئەم هەڵە و تاوانە راست بکەینەوە، ئەوا پێش هەمووان خۆمان بە هەڵەدا دەبەین، بەڵام گرنگە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان رێگە نەدەن، ئەم هەڵە و تاوانە لە ژێر پەردەی دژایەتی لایەنێکی سیاسی پەردەپۆش بکرێت و ئەو رێوشوێنەی کە پێویستە هەموو لایەك بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵە و تاوانە، لایەنێکی سیاسی تێوەنەگلێت و پەلکێش نەبێت بۆ ناو شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی، وەك ئەوەی ئێستا چەند هەرزەیەکی ئەنجامدەری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەهۆڵی شەڕی ناوخۆی بۆ دەکوتن.

٥. ئەوانەی دەکەونە ناو بازنەی ئەنجامدەرانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هەموو ئەو خەڵکانەشی لەناو بەشێك لە حزبەکان پشتگیرییان دەکەن، کەمینەیەکی زۆر کەمی ناو هێزە سیاسییەکانی کوردستانن، ئەگەر بە راست و دروستی مامەڵە لەگەڵ کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بکرێت، ئەوا بۆغز و کینەی ئەو تاقمە و ئەوانەشی پشتگیرییان لێدەکەن، نابنە ئەو هێزەی کە بتوانن ئەو هەڵە و تاوانە بکەنە دڕندەیەکی دیکە و بە ئارەزووی خۆیان ئەو دڕندەیە بکەن بە گژی خەڵکی کوردستاندا، بەپێچەوانەوە ماهیەتی ئەمانە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبێت و لەناوکۆمەڵگەی کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە.

٦. لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیدا، سەرووەریی یاسا پێش ئەوەی جێبەجێکردنی یاسای دانراوی پەرلەمانی کوردستان بێت، بریتییە لەو ئەخلاقە شۆڕشگێڕییەی کە دەبێتە پێناسە بۆ ئازادی و شکۆ و بەرژەوەندییەکانی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئازادی و شکۆ و بەرژەوەندییەکانی کوردستان، بە ئیرادەی شۆڕشگێری خەڵکی کوردستان دەپارێزرێت، نەك دەستووری عێراق، یان یاسا نێودەوڵەتییەکان، بۆیە گرنگە رێگە نەدرێت بە فێڵکردن لە یاساکان، بەتایبەتی یاسای رۆژنامەگەری و چاپەمەنی و بەناوی بیروڕای ئازادەوە، دژایەتی ئازادی و شکۆ و بەرژەوەندییەکانی کوردستان بکرێت. ئێستا لە جیهاندا تەواوی تیرۆریستان لەژێر چەندین ناوی جیاوازدا فێڵ لەیاساکانی دیموکراتی دەکەن و، وەك چەکێك دژی سیستمە دیموکراتییەکان بەکاری دەهێنن، لە کوردستانیشدا ئەوانەی خۆیان بە لایەنگر و پشتگیری ئەنجامدەرانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەزانن، یان لەگەڵ ئەو دوژمنانە یەك دەگرنەوە کە دژی هەرێمی کوردستانن، بەهەمان شێوە یاساکانی کوردستان وەك چەکێك دژی ئازادی و شکۆ و بەرژەوەندییەکانی کوردستان بەکار دەهێنن، ئەوجا لەبەر ئەوەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کوردستانی بریندار




کردووە و خستوویەتە بارێکی نائاساییەوە، ئەوە گرنگە هەموو حزبەکان و پەرلەمان و حکومەتیش، بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە وەك بارێکی نائاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەنگە دژانە بکات و رێگە نەدات کوردستان هێندەی دیکە بریندار بکەن.

## ● دەرکەوتنی رووناکیی هەستانەوە و تێپەڕاندنی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر

مامەڵە و رەفتار و هەڵوێستی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، تەواو تەواو لە هەڵوێست و رەفتاری رژێمی بەعس و سەدامی دوای رێکنەکەوتنی بەرەی کوردستانی و بەغدا دەچێت، سەدام و بەعس لە ساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی نەیانتوانی بەپێی بەندەکانی رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ بەرەی کوردستانی رێکبکەون و لەترسی هاوپەیمانانیش نەیاندەتوانی بە بەکارهێنانی سوپای عێراق کوردستان داگیربکەنەوە، هەستان بە کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەت و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە سەر کوردستاندا، ئێستاش دوای ئەوەی حکومەتی عەبادی ناتوانێت بەپێی ماددەکانی دەستووری عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش، هەروەها ناشتوانێت بە رێگەی هێزی سەربازی کوردستان داگیر بکاتەوە، بەهەمان ئەقڵییەتی بەعس و سەدام، درێژە بە گەمارۆی ئاسمانی و ئابووری و بڕینی بودجەی کوردستان دەدات. بۆ ئەوەی چۆك بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دابدات و تەسلیمی بکات. بەڵام چۆن سەدام و بەعس لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانیان، دەرگایەکیان بۆ کوردستان ئاواڵا کرد، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی سەدام و بەعس دروستیان کرد، بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت پڕی بکەنەوە، لە ئێستاشدا پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و گوشار خستنە سەر عەبادی و بەغدا بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەکرێت، دەرگایەکی دیکە بە رووی کوردستاندا بکرێتەوە.

لە ئێستادا پێدەچێ ئەو زمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کێشەی نێوان هەولێر

**هەڵەی کۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان دەکەوێتە چوارچێوەی بیرکردنەوەی هەڵەی هەموومان لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و تاوانەکەشمان ئەوەیە پێناسەی نەتەوە و وڵاتمان لەگەڵ حزب تێکەڵاو کردووە، هەر بۆیەشە هەڵە و تاوانی ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، وەک جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی لایەنێکی سیاسی بەرامبەر ئایدیۆلۆژیەتی لایەنێکی دیکەی سیاسی بەرجەستە بووە**

**چۆن لە ١٦ی ئۆكتۆبەری رابردوو، بوغز و كینە، هەڵە و تاوانەكانی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بووە ئەو درِندەیەی كە هەلی سەربەخۆیی كوردستانی لەدەستداو ئێستاش هەمان بوغز و كینە هەرِەشەی شەرِێكی خوێناوی بۆ سووتاندنی هەموو دەستكەوتەكان لە كوردستانێكی بریندار دەكات**

**لە فۆرمی حزبێكی سیاسیدا هەڵە و تاوانی ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان وەک ململانێی حزبی و جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی نێوان حزبە سیاسییەكان لە قەڵەم دەدرێت و نەوەی ئێستا و داهاتووی لەسەر پەروەردە دەكرێت، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی حزبی سیاسی بالاَتر بێت لە نەتەوە و نیشتمان و دەوڵەت**

**كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە ئاگادارە كە قاسم سولەیمانی و سوپای پاسداران ئامانجیان ئەوەیە بە رێگەی كۆمەڵێك خەڵكی لاواز و خۆفرۆشی كوردستان، زەمینەی هەڵسانەوە و تێپەرِاندنی كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەر لەلایەن حكومەتی كوردستانەوە رابگرێت**

و بەغدا، قسەی لەگەڵ حكومەتەكەی حەیدەر عەبادی پێدەكەن، زمانێكی جیاواز بێت لەو زمانەی ئێران و میلیشیا شیعە وەكیلەكانی لەگەڵ عەبادی قسەی پێدەكەن، هەر بۆیە خۆ گێلكردنی عەبادی لە زمانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دیسان لە خۆگێلكردنی سەدام و بەعس دەچێت كە پێیان دەگوت هێزەكانت لە كوەیت بكشێنەوە و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێت قبووڵ ناكات، ئەوە بوو بە قسەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەكرد و ئاكامەكەشی بینی، ئێستا كە جیهان داوا لە عەبادی دەكات لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دیالۆگ لەگەڵ كوردستان بكە و تەواوی ماددەكانی دەستوورەكە جێبەجێ بكە بە ماددەی ١٤٠ و هەڵوەشانەوەی میلیشیاكانی حەشدی شەعبیشەوە، ئەوا دیسان عەبادی داویەتیە عینادی و وەڵامی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناداتەوە، بێگومان ئەویش وەك سەدام و بەعس ئاكامەكەی دەبینێت و پاشانیش پەشیمانی چەند سوودی بۆ سەدام و بەعس هەبوو، هەر هێندەش بۆ عەبادی و شیعەش سوودی دەبێت.

كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدوای داگیركردنی كوەیت لەلایەن عێراقەوە لەساڵی ١٩٩١، ماوەی ١٦٨ رۆژ مۆڵەتی بە عێراقدا كە ملكەچی ئیرادەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت و بكشێتەوە، ئینجا گورزی خۆیان لێوەشاند، بەڵام حەیدەر عەبادی لەدوای ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە ئەوە ماوەی ٦٤ رۆژە وەك سەدام حوسێن خۆی لێ بۆتە پاڵەوان و وەڵامی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناداتەوە، بۆیە ئەگەر بە میتۆدی سەدام و بەعس، ئەمجارەشیان كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ عەبادی و شیعە بكات، ئەوا پێدەچێت سەبر و ئارمی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی ٣-٤ مانگی دیكە ملهورِی عەبادییش تاقی بكاتەوە، ئەوجا دەرگایەكی دیكە بە رووی كوردستاندا بكاتەوە و وەك كوەیت ئازادی بكاتەوە.

سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان بۆ بەرلین و لەندەن، لەدوای سەردانەكەی سەرەتای ئەم مانگەی بۆ پاریس، وەرچەرخانێكی گرنگە بۆ پێچەوانە بوونەوەی ئاراستەی كێرڤی پشتگیری نێودەوڵەتی لەدوای ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە لە بەغداوە بەرەو هەولێر، هەر بۆیە هیچ جێگەی سەرسورِمان نییە لەماوەی تەنیا یەك هەفتەدا، جارێك لە ئامۆژگای ئەتلەنتیك ریكس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا لە باسكردنی مەترسییەكانی كۆریای باكوورەوە دێتە سەر قۆناخی دوای داعش لە عێراقدا و راشكاوانە ئەوە بە جیهان رادەگەیەنێت كە ئەمریكا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەرِ بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا لەچوارچێوەی دەستوور دەست بكەن بە دیالۆگ و دەبێت بەتەواوەتی دەستوورەكە جێبەجێ بكرێت و بەمەش كۆمەڵێك گرفت و نەهامەتی كوردستان چارەسەر دەبێت كە بەهۆی پێشێلكردنی ئەو دەستوورە دووچاری بوون.

هەر یەك دوو رۆژ دوای قسەكانی تیلرسۆن، ئەمجارەیان ماكماستەر راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا، جیا لەوەی جەخت لەسەر دیالۆگی نێوان كوردستان و عێراق و جێبەجێكردنی دەستوور دەكاتەوە، لەهەمانكاتدا جەخت لەسەر لێدوانێكی تازە دەكاتەوەو دەڵێت: «ئامانجی ئێمە چۆن پاراستنی یەكپارچەیی عێراقە، بە هەمان شێوەش پاراستنی یەكپارچەیی هەرێمی كوردستانە»، ئەم قسە تازەیەی راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا، ئاماژەیەكی راست و راشكاوانەیە بۆ ئەوەی رێگە نادەن، شیعە وەكیلەكانی ئێران بە رێگەی وەكیلەكانیان لە كوردستان زەمینە بۆ دوو ئیدارەیی، یان دابەشكردنی كوردستان خۆش بكەن.

ئەگەر لەسەر ئەم زانیارییە تازەیانە سەرنج لە هەڵوێست و لێدوانی تاقمەكەی ئەنجامدەرانی كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەر بدەین، هەست دەكەین لێدوانەكانیان گۆرِانكاری ١٨٠ پلەی بەسەردا هاتووە، هەر ئەو كەسانەی تا دوێنێ دەیانگوت كەركووك ئارامە و ئێمە لەناو كەركووكین، ئێستا ئەوان خۆیان دەڵێن كەركووك داگیركراوە و ئەگەر هێزەكانی عێراق بە ئاشتی نەكشێنەوە، ئەوا بە شەرِ ئازادی دەكەنەوە، ئەم قسانە لەوانەیە بۆ خەڵكانێك كە بە وردی هەڵوێستی نێودەوڵەتی نەخوێننەوە، یان ئاگاداری نەبن، جێگەی سەرسورِمان بێت، بەڵام بۆ ئەوانەی ئاگادارن و دەزانن، ئەم قسانە لەسەر كام بنەما دەكرێن، مەسەلەكە نە ئازادكردنەوەی كەركووكە، نە فشەو فیشاڵ، بەڵكو مەسەلەكە گۆرِینی ئەركی ئەو تاقمەیە لەلایەن سوپای پاسدارانی



ئێرانەوە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی دروست بکەن و تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنن، ئەگەر ئەوانەی ئەمڕۆ باس لە رزگارکردنەوەی کەرکووك دەکەن، هەر ئەو خەڵکانەن کە خۆیان پێش لەشکریان بۆ سوپای داگیرکاری پاسدار و حەشدی شەعبی کردو کەرکووکیان پێشکەش کردن و بەنیازیش بوون سەری نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکیش بکەن بەسەر تۆپی دیارییەکەیان بۆ ئاغای قاسم سولەیمانی، لە ئێستاشدا دیسان بە بیانووی کەرکووکەوە دەیانەوێت شەڕێکی ناوخۆ دروست بکەن، ئەمجارەیان هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بە سەرتۆپی دیارییەکەیان و تەسلیمی قاسم سولەیمانی و حەشدی شەعبی بکەنەوە.

لۆژیك و ئەزموونی بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زەمینەیەکی لەباری دروست کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە قسەی تاقمی ئەنجامدەری ١٦ی ئۆکتۆبەر فریو نەدرێن و پیلانەکانیان جێبەجێ نەکرێت، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەوە ئاگادارە کە قاسم سولەیمانی و سوپای پاسداران ئامانجیان ئەوەیە بە رێگەی کۆمەڵێك خەڵکی لاواز و خۆفرۆشی کوردستان، زەمینەی هەڵسانەوە و تێپەڕاندنی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە رابگرێت. بەڵام ئەوەی قاسم سولەیمانی و سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆیان چووە سەر، خەوێك بوو دووبارە نابێتەوە و تێگەیشتن لە کوردستانێکی بەهێز و عێراقێکی بەهێز لە گوتاری سیاسیی ئەمریکا، مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر لە عێراق نەتوانرێت وەکیلەکانی قاسم سولەیمانی بە تەواوەتی لغاوگیر بکرێن، ئەوا کوردستان ئەو ژینگە لەبارەیە کە بە ئاسانی دەتوانرێت تاقمی ئەنجامدەری ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەوانی دیکەش کە شێوازی جیاواز خۆیان بە وەکیلی سوپای پاسداران و قاسمی سولەیمانی دەزانن، لغاوگیر دەکرێن و لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا جێگەیان بۆ نامێنێتەوە.



ئەگەر نەتوانرا لە ڕێی دیپلۆماسییەوە ناوچەکانمان بگەڕێنینەوە سەر کوردستان، پێویستە بۆ ڕزگاکردنەوەیان شۆڕشی چەکداری هەڵگیرسێنین

سێ حاڵەتمان دەستنیشان کردووە لەتاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان کە یەکێک لە قوربانییەکان لە ژیاندا نەماوە، ئەوانی دیکەش بەهۆی قێزەوەنیی تاوانەکەو باری کۆمەڵایەتیی کەسەکان و خێزانەکانیان ئامادە نین لەبەرامبەر میدیا قسە بکەن

*** لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا خەڵکی دووزخورماتوو ڕووبەڕووی پێشێلکاری و کاولکاری بوونەوەو چەندین تاوان دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی ئەو شارە ئەنجامدرا، ئێوە وەکو نوێنەرانی کورد لە بەغدا چۆن دەڕواننە ئەو تاوانانە و چیتان بۆ ئەم کەیسە کردووە؟**

- دوای بڕیاری لەشکرکێشی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە بە ناوی یاسا و جێبەجێکردنی دەستوورەوە ئەنجامدرا، سەدان یاساو دەیان بڕگەی دەستووری پێشێل کراون. بەتایبەتی پێشێلکردنی ماددەی ٩ی دەستووری کە بە هەموو شێوەیەك بەکارهێنانی هێزی چەکداری لە دژی هەر پێکهاتەیەکی عێراقی قەدەغە کردووە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو ئەو هێز و گروپە چەکدارانە سەدان تاوانیان دژی خەڵکی بێتاوان و سڤیلی دانیشتووانی ئەو ناوچانە ئەنجامدا. هەر لە تاوانی کوشتن و ڕفاندن و تەقاندنەوەو سووتاندنی ماڵە کوردەکان و دزین و بەتاڵانبردنی ماڵ و حاڵیان، ئەم تاوانانەش لە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەر لە خانەقینەوە تا دەگاتە شنگال ئەنجام دراوە، بەتایبەتی لە قەزای دووز خورماتوو کە زۆربەی پێشێلکاری و تاوانەکانی دژ بەم شارە ئەنجامدراون. هەروەها جگە لە بابەتی ڕفاندن و کوشتن و تاڵانکردن، سیاسەتی تەعریبکردن لەم ناوچانە جێبەجێ کراوە، لەلایەکی ترەوە بێ ڕێزی و سووکایەتیکردن بە ئاڵاو پیرۆزییەکانی نەتەوەی کوردو سەرکردەکانی تاوانێکی دیکەیە کە ئەم چەکدارانە لەم ناوچانەدا ئەنجامیان داون. ئەمە جگە لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك تاوانی ئیداری هەر لە گواستنەوەی فەرمانبەران و پۆلیسەکان تاوەکو سزادان و دەستگیرکردنیان. من بۆ خۆم لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێکم گەیاندە نێردەی نەتەوە

**شاخەوان عەبدوڵا**

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# باشترین کارتی فشار بە دەستی کوردەوە کشانەوەیە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق

**دوای ئەو هەموو پێشێلکاری و سەرپێچی و تاوانانەی لەم ماوەیەدا لەسەر دەستی حکومەتی عێراق رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەوە، جێی خۆیەتی هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکرێت کە رێگاکان چین بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە و بۆ کۆتاییهێنان بەم هەلومەرجە نالەبار و ناهەموارە؟ ئایا کورد دەتوانێت چی بکات و ئاسۆی چارەسەر لەگەڵ حکومەتی عێراقدا تا چەند لەبارە، یاخود ئایا ئومێدێك بۆ گەیشتن بە چارەسەر لەگەڵ ئەو حکومەتەدا ماوە؟ ئەمانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ شاخەوان عەبدوڵا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی زەرد، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

یەکگرتووەکان —بەشی مافی مرۆڤی- لەبەغدا، کە هەموو ئەو تاوانانە بە دۆکیومێنت کراون. ئێستا دۆخی ئەو ناوچانەی داگیرکراون، ناهەموارو نائاساییەو گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی سەردەمی بەعس، نەك هەلومەرجی ٢٠١٤ هەروەك ئەوەی حکومەتی عێراق بانگەشەی بۆ دەکات، کەوابێت، یان دەبێت حکومەتی ئێستا بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێش ساڵی ٢٠٠٣ لێی بوو، یاخود دەبێت رێگە بدرێت ئەو کەسانەی شەرەفی بەشداریکردنیان لە رزگارکردنی ئەو ناوچانەدا بەرکەوتووە، بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە.

*** باس لەتاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ناموسی کورد دەکرێت کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لە دوزخورماتوو ئەنجام دراوە، ئایا لەو راپۆرتەدا ئەم تاوانەش دیکۆمێنت کراوە؟**

- بەداخەوە سێ حاڵەتمان دەستنیشان کردووە لە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان کە یەکێك لە قوربانییەکان لە ژیاندا نەماوە، ئەوانی دیکەش بەهۆی قێزەوەنیی تاوانەکەو باری کۆمەڵایەتیی کەسەکان و خێزانەکانیان ئامادە نین لەبەرامبەر میدیا قسە بکەن. لە رۆژی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە تا ئەمڕۆ هەر تاوانێکی دەستدرێژی و رفاندن و کوشتن و دزی رووی دابێت، چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لێی بەرپرسیارن، چونکە ئەم حاڵەتانە پێشتر لەو ناوچانەدا کە هێزی پێشمەرگەی لێ بوو، رووی نەدەدا، ئێستا ئەوان ئەگەر بە فەرمییش ئەم کارە نەکەن، ئەوا ئیستغلالی دەسەڵات و نفووزیان دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە.

*** ئێمە دەزانین جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە تەنیا چارەسەرە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئایا لە ئێستادا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە**

**ئێستا دۆخی ئەو ناوچانەی داگیرکراون، ناهەموارو نائاساییەو گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی سەردەمی بەعس، نەك هەلومەرجی ٢٠١٤ هەروەك ئەوەی حکومەتی عێراق بانگەشەی بۆ دەکات**

**تا لە حکومەتەکەی عەبادی بین، واتە ئێمەش ڕازین لەبەرامبەر کوشتنی هاووڵاتیانی کوردو دەرکردنی، چیتر نابێت ئەم شەرمەزاری و ڕیسوابوونە قبووڵ بکەین و دەبێت بە زووترین کات بڕیاری کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی بدەین**

**ئێمە خەڵکی ناپاک و خۆفرۆشمان تێدایە، باشترین بەڵگە ئەندام پەرلەمانمان هەیە سێ ساڵە سەردانی شاری کەرکووکی نەکردبوو کەچی کاتێک داگیرکراو حەشدی شەعبی هاتن سەردانی کرد و چووە بارەگاکانیان و پیرۆزبایی لێکردن**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمان تا ئێستا نەچۆتە دووز خورماتوو لەکاتێکدا ئەو پۆستە پۆستی کوردە و دەیتوانی ٢٠ بۆ ٣٠ ئەندام پەرلەمان بباتە ئەوێ. ئەمانە لەبەرامبەر ئیمتیازات و پۆست چاویان داخستووە لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی دژ بە کورد دەکرێن**

**پەرلەمانتارانیش هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هەندێکیان دەچێتە قاڵبی خیانەتەوە، نەک بێهەڵوێستی، تا ئێستا پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا هەیە ٥٠ ڕۆژە تاوانەکانی دووزخورماتوو ڕوویانداوە، جورئەتی نەبووە بەوشەیەکیش باسی بکات**

**هیچ ئەگەر و ئومێدێك هەیە؟**

- من لەمبارەیەوە بڕوام نە بە حکومەتی ناوەندی و نە بە پەرلەمانی عێراق هەیە، بۆ جووڵاندنی ئەم دۆسییە پێویستە پەنا بۆ لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی ببەین، تاوەکو فشارێك لەسەر عەبادی دروست بکات، بۆ ئاسایییکردنەوەی ئەو ناوچانە و جێبەجێکردنی ماددەو بڕگەکانی دەستوور، بەتایبەتی ماددەی (١٤٠) کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەمە نەکرێت لەماوەیەکی کەمدا جەماوەری ئەم ناوچانە هەروەك چۆن لەساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ چۆن لەدژی بەعس ڕاپەڕین، بەهەمان شێوە بەسەر ڕژێمەکەی عەبادیشدا دەتەقێنەوە.

*** بەڵام ئێستا نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاووڵاتیی کورد لە خانەقینەوە تاکو شنگال بەتایبەتی لەهەردوو شاری داقوق و دووزخورماتوو ئاوارەو دەربەدەر بوون و لەم زستانەدا لە دۆخێکی سەختدان؛ ئایا بۆچی سەرۆك وەزیران و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران کە وەزیرەکەی کوردە لەئاست ئەو مەینەتی و نەهامەتییەدا نییەو هاوکاری و یارمەتی نەگەیاندۆتە ئەو ئاوارانە؟**

- لە ڕاستیدا بێدەنگی و بێهەڵوێستی سەرۆك وەزیران لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی لەو ناوچانە ڕوویانداوە، دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیشی ببێتە هاوبەش و شەریکی ئەو تاوانانە. جێگای داخیشە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران کە بەرپرسەکەی کوردە هاوکاری بۆ زۆر لە ناوچەکان ناردووە، بەڵام بۆ کەیسی ئاوارەکانی دووزخورماتوو و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە زۆر بێ هەڵوێستە و کەسێکە هیچی پێ ناکرێت و هەر چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکرا.

*** بەڵام لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت عێراق بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی ئێرانەوە و دەسەڵات و بڕیار لەدەستی حکومەتی عێراقی دەرچووە، ئێوە لەم ڕووەوە ڕاتان چییە؟**

- ئێستا عێراق بۆتە ژاردەستی ئێران، نەك مەسەلەکە ئەوە بێت کە ئێران دەستێوەردان دەکات، عێراق وەکو بەکرێگیراوێکی ئێران کاردەکات و هەموو جموجووڵەکانی بە بڕیاری ئێرانە و عەبادی و حکومەتەکەی بەتەواوەتی کەوتوونەتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە. هەربۆیە باشترین بژاردە لەبەر دەمی کورددا کشانەوەیە لە پرۆسەی سیاسی و گەڕانەوەیەتی بۆ ئەوەی دواتر بە شێوەیەکی دیپلۆماسی داوای ئەو ناوچانە بکاتەوە، بەپێچەوانەوە شۆڕشێکی چەکداری لە خانەقینەوە تاوەکو شنگال دەست پێ دەکات.

*** ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکان گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆریان هەیە و پێیانوایە وەك پێویست هاوکاری نەکراون و بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هانایانەوە نەچوون، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا لە سەرەتاوە هەڵوێستوەرگرتن هەبووە، بەڵام من دەتوانم بڵێم کەمتەرخەمی هەبووە، دواتر خەڵکی ئەو ناوچانە یارمەتی و هاوکارییان ناوێت، ئەوان زەمینەیەکی لەباریان دەوێت بۆ گەڕانەوەیان، چونکە زۆربەی خەڵکی لە دووزخورماتوو، تەنانەت لە کەرکووکیشدا توانایەکی دارایی باشیان هەبوو، ئەوان داواکارن لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان یا زەمینەیەك بۆ گەڕانەوەیان دابین بکەن، یاخود چەك و تەقەمەنی بدرێتە گەنجەکانیان و شۆڕشێکی سەرتاسەری هەڵگیرسێنن و خۆیان ناوچەکانیان ئازاد بکەن.

*** باشە لە پەیوەندی بەم پرسەوە چۆن لە هەڵوێستی پەرلەمانتارە کوردەکانی نێو پەرلەمانی عێراق دەڕوانن؟**

- سەبارەت بە پەرلەمانتارانیش هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هەندێکیان دەچێتە قاڵبی خیانەتەوە، نەك بێهەڵوێستی، تا ئێستا پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا هەیە ٥٠ ڕۆژە تاوانەکانی دووزخورماتوو ڕوویانداوە، جورئەتی نەبووە بەوشەیەکیش باسی بکات، جێگری سەرۆکی پەرلەمان تا ئێستا نەچۆتە دووز خورماتوو لەکاتێکدا ئەو پۆستە پۆستی کوردە و دەیتوانی ٢٠ بۆ ٣٠ ئەندام پەرلەمان بباتە ئەوێ. ئەمانە لەبەرامبەر ئیمتیازات و پۆست چاویان داخستووە لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی دژ بە کورد دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدا دەکرا هەر یەکێك لە ئەندام پەرلەمانەکان لەلای خۆیەوە هەوڵی بخستایەتەگەڕ، ئەمە جگەوەی دەکرا فراکسیۆنە کوردییەکانی نێو پەرلەمان هەوڵی دەستەجەمعییان هەبوایە. بەڵام بەداخەوە بابەتەکە بەڵگەی ناوێت بەوەی ئێمە خەڵکی ناپاك و

خۆفرۆشمان تێدایە، باشترین بەڵگە ئەندام پەرلەمانمان هەیە سێ ساڵە سەردانی شاری کەرکووکی نەکردبوو کەچی کاتێك داگیرکراو حەشدی شەعبی هاتن سەردانی کرد و چووە بارەگاکانیان و پیرۆزبایی لێکردن، مێژووی ئەم خیانەتە بۆ ئێستا ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە وتوێژەکانی ساڵی رابردووی بودجەشدا من پێویستیم بە یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی ئەوان بوو، بۆ ئەوەی شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەغدا وەرگرینەوە، ئەوان وتیان ئێمە بەنیازین نەوتی کەرکووك لەکورد وەربگرینەوە، بۆیە دەنگ بە بودجەی پێشمەرگە نادەین. دواتر ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبەکانیان هەڵوێستیان لەبەرامبەردا وەرنەگرتووە، چونکە ئەندام پەرلەمانیان هەیە چوار ساڵە لەدژی کورد قسە دەکات، کەچی پۆستەکەی لەناو فراکسیۆنەکەی بەرزکراوەتەوە. تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە لەناوخۆی هەرێمیشدا حزب هەیە ئەندامیان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی پێی وتووم لەلایەن گروپێکەوە بانگ کراوم و موحاسەبەکراوم لەسەر ئەوەی وتوومە دووزخورماتوو فرۆشراوە.

*** داواکاریت لە پەرلەمانتار و بەرپرسە کوردەکانی بەغدا چییە؟**

- من دەڵێم شەرمە پەرلەمانتار و وەزیری کورد لە بەغدا بێت و کورد دوچاری ئەو دۆخە بێت، بۆیە پێویستە ئێمە لە پرۆسەی سیاسی بکشێینەوە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان و گەڕانەوەی پێشمەرگەو ئیدارەی هاوبەش بکرێتە پێشمەرجی گفتوگۆ بۆ دانوستاندن لەگەڵ عێراقدا و بۆ گەڕانەوە بۆ نێو پرۆسە سیاسییەکە.

*** باسی مەرجەکانی عەبادیت کرد بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی گەمەکردن بەکاتەوە دێت بۆ ئەوەی ئەو گەمارۆیەی لەسەر کوردستان دانراوە، کاریگەری زیاتر بێت و نەهامەتی خەڵکی کوردستان قورستر بکرێت، ئایا لەبەرامبەر ئەم گەمارۆ و سزا توندانە بۆچی نوێنەرانی کورد هەڵوێست وەرناگرن، خۆ گەمارۆ و سزای کادیرو لایەنگرانی یەك حزب نادات، تاوەکو لەمەشدا یەکدەنگ نەبن؟**

- غروورو پێداگریی بەغدا لەسەر سزادانی خەڵکی کوردستان دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان بۆ پێداگریی تاران دەگەڕێتەوە، دووەمیان بابەتی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانە کە بەداخەوە لەناو عێراقدا بەتایبەتی لای شیعەکان واباوە هەرکەسێك زۆرترین دژایەتی خەڵکی کوردستان بکات زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێت.

*** دواپرسیارمان سەبارەت بە بودجەی گشتیی عێراق و بەشە بودجەی کوردستانە، ئایا ئەو پرۆژەیە چی بەسەر هات و ئەگەری گۆڕانکاری لە پشکی کورد هەیە بۆ لە ١٧٪ی پێشووی ؟**

- بودجە وەکو هەموو بەرنامەو کارێکی تری ئەم وڵاتە کۆمەڵێك سەرپێچی و پێشێلکاری و هەڵەی یاسایی و دارایی تێدا بوو، بەتایبەتی بوونی هەندێك دەستەواژەی نادەستووری بەرامبەر هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان بێ ئەوەی هیچ سەرژمێرییەك ئەنجام بدرێت و مەسەلەی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەو دەستنیشان نەکردنی بودجەیەك بۆ پارێزگای هەڵەبجەو نەبوونی هیچ بودجەو پارەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە کوردستانییانەی شەڕی تێدا رووداوە، تەنانەت ددانی پێدا نەنراوە کە تاوان لەو ناوچانە ئەنجامدراوەو چەندین تێبینی دیکە لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە دەستنیشان کرابوون و لەگەڵ زۆربەی پەرلەمانتاران کۆدەنگی هەبوو، هەربۆیە پرۆژەی بودجە رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کرایەوە، بەڵام ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان بۆ ١٧٪ بگەڕێتەوە وەکو ساڵانی رابردوو، هەر جێبەجێ ناکرێت، هەربۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەو راوبۆچوونەی سەرەتا کە دەبێت لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق، یا دەبێت کورد لە پرۆسەی سیاسی بکشێتەوە، من لەم هاوکێشەیە تێناگەم ئەم حکومەتەی عێراق کورد دەکوژێت و ماڵ و حاڵی تاڵان دەکات و دەیسووتێنێت و دەیتەقێنێتەوە، کەچی لە پرۆسەی سیاسی ناکشێینەوە، چونکە تا لە حکومەتەکەی عەبادی بین، واتە ئێمەش رازین لەبەرامبەر کوشتنی هاوولاتیانی کوردو دەرکردنی، چیتر نابێت ئەم شەرمەزاری و ریسوابوونە قبووڵ بکەین و دەبێت بە زووترین کات بڕیاری کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی بدەین.

**عێراق وەکو بەکرێگیراوێکی ئێران کاردەکات و هەموو جموجووڵەکانی بە بڕیاری ئێرانە و عەبادی و حکومەتەکەی بەتەواوەتی کەوتوونەتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە**

**وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران کە بەرپرسەکەی کوردە هاوکاری بۆ زۆر لە ناوچەکان ناردووە، بەڵام بۆ کەیسی ئاوارەکانی دووزخورماتوو و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە زۆر بێ هەڵوێستە و کەسێکە هیچی پێ ناکرێت و هەر چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکرا**

**بێدەنگی و بێهەڵوێستی سەرۆک وەزیران لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی لەو ناوچانە روویانداوە، دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیشی ببێتە هاوبەش و شەریکی ئەو تاوانانە**

**زۆربەی خەڵکی لە دووزخورماتوو، تەنانەت لە کەرکووکیشدا توانایەکی دارایی باشیان هەبوو، ئەوان داواکارن لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان یا زەمینەیەک بۆ گەڕانەوەیان دابین بکەن، یاخود چەک و تەقەمەنی بدرێتە گەنجەکانیان و شۆڕشێکی سەرتاسەری هەڵگیرسێنن و خۆیان ناوچەکانیان ئازاد بکەن**

## ئەگەر دەستوور بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرێت

# یەکپارچەیی و یەکێتی ئارەزوومەندانەی عێراق بوونی نییە

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، گفتۆگۆیەکی زۆر جددی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەستووری عێراق دروست کردووە. ئەوجا لەبەر ئەوەی تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای ئەوە لە هەولێر و بەغدا دەکەن کە دەبێت ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە هەردوولا دیالۆگ دەست پێبکەن، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی خۆی پیشانداوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە و بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکانی لەگەڵ بەغدا دەست بکات بە دیالۆگ، بەڵام هەتا ئێستا بەغدا ئامادەباشیی خۆی بۆ ئەو دیالۆگە دەرنەبڕیوە.

پسپۆرانی بواری چارەسەرکردنی تەنگژەکان (Conflict Resolution) کاتێك دێنە ناو تەنگژەیەکەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئەو پرسیارە دەورووژێنن بەوەی: ئایا ئەو نەخشەیەی ئەم تەنگژەیە (Conflict Mapping) چییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە و بە سەیرکردنی نەخشەی تەنگژەی نێوان ئێمە و بەغدا، ئەو راستییە بە ئاشکرا دەبینین کە کێشەکە تەنیا بریتی نییە لە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵکو کێشەی هەموو خەڵکی عێراقە لەگەڵ حکومەتی بەغدا و هۆکاری بنەڕەتی ئەم کێشەیەش جێبەجێ نەکردن و پێشێلکردنی بەشێکی زۆری ماددەکانی دەستووری عێراقیساڵی ٢٠٠٥ـە.

**کەواتە پێش هەموو شت پرسیاری سەرەکی دەبێتە ئەوە: ئایا دەستوور چییە؟**

بێگومان دەستوور لە یاسای گشتیدا بە یاسای بنەڕەتیی دەوڵەت، یان نەتەوەیەك دادەنرێت، ئەوجا ئەو دەستوورە نووسراو بێت، یان نەنووسراو بێت، شێواز و بیرکردنەوەی ئەو حکومەتە دیاری دەکات و، پرەنسیپە سەرەکییەکان دادەڕێژێت بۆ ئەوەی ژیانی ناوخۆی پێ بەڕێوەبچێت، حکومەتی پێ ڕێکبخرێت، داهات و دەسەڵات دابەش دەکات و سنوور بۆ ئەرك و کارگێڕیی دامەزراوە جیاوازەکان دادەنێت و هەروەها سنوور و شێوازی پیادەکردنی دەسەڵاتی سەروەری دیاری دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستوور بەرزترین و باڵاترین یاسای وڵاتە.

**دەنگی ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان هێزی ئێمەیەو هیچ هێزێک لەم جیهانەدا نییە ئەمە هەڵبوەشێنێتەوە**



**ئامەد دیمیرهان**
پسپۆڕ لە چارەسەرکردنی تەنگژەکان

لێرەوە ئەگەر لەچوارچێوەی دەستووری عێراقەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و تەواوی خەڵکی عێراق و حکومەتی بەغدا هەڵبگرین، ئەوا هەست دەکەین کە ماددەکانی دەستووری عێراق فۆتۆگرافی حوکمڕانیی حکومەتی بەغدامان پیشاندەدات، ئەوجا کە ئەو ماددانەی ئەو دەستووره جێبەجێ نەکراون، یان پێشێل کراون، ئەوەمان پیشاندەدات کە شەرعییەتی حکومەتی عێراق دەبێتە جێگەی گومان و مشتومڕ و پرسیاری لەسەر دروست دەکات، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شەرعییەتی حکومەتی عێراق لەو دەستوورەوە سەرچاوە دەگرێت و، کاتێك دەستوورەکە پێشێل بکرێت، یان بەشێکی زۆری ماددەکانی پشتگوێ خرابن و جێبەجێ نەکرابن، ئەوا شەرعییەتی حکومەتیش بە پێی ئەو دەستووره کەموکوڕ دەبێت. لەمەش گرنگتر دەستوور بەرزترین یاسای وڵاتە و جێبەجێکردنیشی سەرتاسەری وڵات و تەواوی حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان فەرزە لەسەریان ئەو دەستووره جێبەجێ بکەن، بۆیە کاتێك کە جێبەجێ ناکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە تاوانێك دژی ئەو دەستووره ئەنجامدراوە، بەمەش هەر کەسێك پێشێلکاری بەرامبەر دەستوورەکە ئەنجام دابێت، دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەو تاوانە دژی دەستوورەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

ئەگەر لە دیباجەی دەستوورەکەوە دەست پێبکەین، دەبینین تیایدا هاتووە: (ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە بە تەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانەو ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە.) ئەگەر سەرنج لەم پەرەگرافەی دیباجەی دەستوورەکە بدەین، دەبینین جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە (بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنمان داوە.) ئەمە بە دیوەکەی دیکەی مانای ئەوەیە کە گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیشەوە مافی ئەوەی هەیە ئازادانەو ئارەزوومەندا بڕیاری جیابوونەوە بدات.

**کوردستان بەشدار بووە لە داڕشتنی دەستووری عێراقدا، ئەمەش مەشروعییەتی کوردستانە لە داڕشتنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق و خاوەنی هێزە بۆ ئەوەی داوای ماف و دەسەڵاتەکانی خۆی بەپێی ئەو دەستووره بکات**

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بێینە سەر پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان، بێگومان لەناو دەستووری عێراقدا هیچ

**ئەم واقیعەی کە عێراقییەکان خۆیان نایانەوێت پێکەوە بژین و دەیانەوێت لەیەکتری جیاببنەوە، هەتا ئێستاش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نکۆڵی لێدەکرێت و دەیانەوێت بە زەبری هێز عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ دەستووری عێراق کە داوا دەکات «ئازادانەو ئارەزوومەندانە» لە عێراقدا پێکەوە بژین**

**رۆبین رایت کە ئەکادیمی و رۆژنامەنووسێکی ناوداری ئەمریکایە سەبارەت بە بارودۆخی عێراق بە دەق قسەیەکی لوقمان فەیلی باڵیۆزی پێشووی عێراقی لە ئەمریکا دەخاتەڕوو کە لە وتارێکیدا نووسیویەتی: تەنیا ئەو خەڵکانە پێداگری لەسەر مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی دەکەن کە خۆیان لە عێراقدا ناژین**

**هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق ناکەن، لەبەر ئەوەی رێژەی کورد لەناو هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ١-٣٪ تێپەڕ ناکات، عەرەبی سوننەش هەر بوونی نییە**

ماددەیەکی دەستووری نییە کە ئەم پرۆسەیە قەدەغە بکات، بەپێچەوانەوە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٣٨ی دەستووری عێراق هاتووە: (دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ: یەکەم: ئازادیی دەربڕین بە هەموو شێوەکان). ئەمەش مانای ئەوەیە ریفراندۆم وەك ئازادیی رادەربڕین دەبێت دەوڵەت بیپارێزێت، نەك دژایەتی بکات.

سەبارەت بەم پرسە رۆبەرت فۆرد کە یەکێکە لە پسپۆڕە دیارەکان و جێگری باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق و لە ئێستاشدا لە زانکۆی یەڵ وانەی دیپلۆماتی دەڵێتەوە، لەکاتی نووسینەوەی دەستووری عێراق چاودێری پرۆسەی نووسینەوەی دەستوورەکە بووە، لەبارەی دەستووری عێراقیش گوتوویەتی: «لە وتووێژەکانی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لایەنی کوردی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت وشەی ( ئازادانە) لەناو دەستوورەکەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانزانی ئەمە مانای ئەوەیە کاتێك بە شێوەیەکی ئازادانە ببنە بەشێك لە عێراق، ئەوا دەشتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە لێی دووربکەونەوە.» فۆرد لەمەش زیاتر جەخت دەکاتەوە و دەڵێت: «هیچ ماددەیەك لەناو دەستووری عێراقدا نییە کە راشکاوانە ریفراندۆمی غەیر مولزم قەدەغە بکات.»

خاڵێکی دیکە و گرنگ کە دەخوازم هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە بەپێی ماددەی ١٣ی دەستووری عێراق دەبێت ئەم دەستوورە هەموو ماددەکانی جێبەجێ بکرێت و لە تەواوی عێراقدا پێوەی پابەند بن، دەقی ماددەی ١٣ دەڵێت: (ئەم دەستوورە بە یاسای باڵاو هەرە بەرز دادەنرێت لە عێراقدا و پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بە بێ جیاوازی)، کەواتە بەپێی ئەم ماددەیە حکومەتی بەغدا دەبێت هەموو ماددەکانی ناو ئەم دەستوورە جێبەجێ بکات.

- سەبارەت بە هەیکەلی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقیش، جیا لەوەی بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا هەرێمێکی دیکە بوونی نییە و دانەمەزراوە، بەڵام دیسان هەیکەلی ئەم دەوڵەتە فیدراڵییە بەپێی ماددەی ٤٨ی دەستووری عێراق، دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو ئەنجومەن پێکبهێنرێت، یەکەمیان ئەنجومەنی نوێنەران و دووەمیان ئەنجومەنی فیدراڵییە، جیاوازیی نێوان ئەم دوو ئەنجومەنە ئەوەیە کە ئەنجومەنی نوێنەران بە رێگەی دەنگدانی گشتی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن لە سەرانسەری وڵاتدا، بەڵام ئەنجومەنی فیدراڵی کە نوێنەرایەتی هەرێم و پارێزگاکان لەخۆی دەگرێت، بەپێی هەرێم و پارێزگاکان بە یەکسانی نوێنەریان دەبێت، ئەمەش لە پێناوی راگرتنی هاوسەنگیی دەسەڵاتە لە دەوڵەتە فیدراڵییەکە و بەم شێوەیە لەمادەی ٤٨ی دەستوور هاتووە: (دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی پێکدێت.)، بەڵام هەتا ئێستا دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە عێراقدا دانەمەزراوە.

- حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات کە دادگای فیدراڵی لە عێراقدا بەو جۆرە حوکمی خۆی دەرکردووە کە ریفراندۆم نادەستوورییە، لێرەدا ئەوە کێشەی کەسێکی توێژەر نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: ئێمە رێز لە بڕیاری دادگای فیدراڵی دەگرین)، بەڵکو پرسیاری ئێمەی توێژەر ئەوەیە: ئایا دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراقدا بوونی هەیە، هەتا حوکمێکی لەو جۆرە دەربکات کە ریفراندۆم دەستوورییە، یان نادەستوورییە؟ بەپێچەوانەوە ئەو دادگایەی ئێستا پێی دەگوترێت دادگای فیدراڵی بەپێی دەستووری عێراق خۆی دادگایەکی نادەستوورییە و بەپێی دەستووری عێراقی ئەسڵەن دادگای باڵای فیدراڵی دانەمەزراوە، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم پرسە سەیری ماددەکانی ٩٢ و ٩٣ و ٩٤ و ٩٥ی دەستووری عێراق بکەین، سەبارەت بەدامەزراندنی ئەم دادگایە دەڵێن:

- ماددەی ٩٢ دەڵێت:

**(یەکەم: دادگای فیدراڵیی باڵا دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لە رووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە.**

**دووەم: دادگای فیدراڵیی باڵا لە ژمارەیەك دادوەرو پسپۆڕی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت. دیاریکردنی ژمارەو شێوازی هەڵبژاردن و کاری داگاکە بە یاسا رێکدەخرێت**

بە زۆرینەی دوو لە سێی **٢/٣** ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.)

- ماددەی ٩٣ دەڵێت:

(دادگای فیدراڵیی باڵا تایبەتە بەم بوارانەوە:

یەکەم: چاودێریکردنی رادەی دەستووری بوونی یاساو پێڕەوە کارپێکراوەکان.

دووەم: لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە دروست دەبن و ئەو بڕیارو پێڕەو و رێنمایی و رێوشوێنانەی لە دەسەڵاتی فیدراڵییەوە دەردەچن، یاساش ماف دەدات بە هەریەك لە ئەنجومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلەو ئەوانی دی کە راستەوخۆ لە دادگا رەخنە لەو بڕیارانە بگرن.

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکییانەی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاو شارەوانی و ئیدارە ناوخۆییەکان روودەدات.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکییانەی لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان، یان پارێزگاکان روودەدات.

شەشەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت.

حەوتەم: پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران.

هەشتەم:

ئـ: یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان بواری کاری دادگای فیدراڵی و دەستەی دادوەری هەرێم و پارێزگاکان کە ناکەونە سنووری پارێزگاکان.

ب: یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لە بواری کاری دەستەی دادوەریی هەرێمەکان و پارێزگاکان کە ناکەونە سنووری هەرێمەکانەوە.)

- ماددەی ٩٤ دەڵێت:

(بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی یەکلاکەرەوەیەو دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن.)

- مادەی ٩٥ دەڵێت:

(پێکهێنانی دادگای تایبەت و هەڵاوێری (استثنائیە) قەدەغەیە.)

ئەگەر لەو ماددە دەستوورییانەوە پێناسەی دادگای باڵای فیدراڵی بخوێنینەوە، دەبینین هێشتا ئەم دادگایە لە عێراقدا بوونی نییە، هەتا بێت لێکدانەوە بۆ ماددەکانی دەستوور بکات، هەروەها ئەو کەسانەشی کە لەو دادگایە کاردەکەن، بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستوور، ئەهلیەتی ئەندامبوونی ئەو دادگایەیان نییە، لەبەر ئەوەی ماددەی ٩٢ داوا دەکات دەبێت ئەندامانی ئەو دادگایە لە پسپۆڕانی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکبێت و دیاریکردنی ژمارەو شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگاکە بە یاسا رێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لە سێی **٢/٣** ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام ئەندامانی ئێستای دادگای فیدراڵی عێراق، نەك هەر ئەم مەرجانەیان تێدا نییە، بەڵکو پێش دارشتنی دەستووری عێراق دامەزراون، بۆیە هەر حوکمێك بدەن، هیچ بایەخێکی نابێت و هەر شتێکیش لەسەر باتڵ بڕیاری لەسەر بدرێت، هەر باتڵ دەبێت.

سەبارەت بەدادگای باڵای فیدراڵیش ئەمریکا پشتگیری لە پرۆژەیەکی دادپەروەری جیهانی لەسەر عێراق کردووە لە زانکۆی یۆتا( Utah) بۆ هاوکاری عێراق لە بواری (( سەربەخۆیی دادوەری و پێداچوونەوەی دەستووری لەگەڵ پرسە یاساییەکانی دیکە)) لە پێداچوونەوەیان بۆ دامەزراندنی دادگای باڵای عێراق، ئەمەیان گوتووە: (هەتا ئێستا ئەو یاسایە دەرنەچووە و پسپۆڕانی فیقهی ئیسلامی و یاساناس لەو دادگایە دەست بەکار نەبوون). ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراقدا هێشتا دانەمەزراوە و بوونی نییە.

- سەبارەت بە ماف و دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بە راشکاوی ماددەی ١١٧ دەڵێت: (یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی)، ئەم ماددە دەستوورییە هێندە روون و راشکاوانە نووسراوە کە پێویست بە یاساناسێك ناکات هەتا بۆمان

**ماددەی ٩ی دەستووری عێراقە کە لە برگەی یەکەم و خاڵی ئەلف دەڵێت: (هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت بە رەچاوکردنی هاوسەنگی و رێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یا دوورخستنەوەی هیچ لایەک و لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەک بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرنادانە کاروباری سیاسییەوەو رۆڵی نابێت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا)**

**ماددەی ١١٧ دەڵێت: (یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی)، ئەم ماددە دەستوورییە هێندە روون و راشکاوانە نووسراوە کە پێویست بە یاساناسێک ناکات هەتا بۆمان شرۆڤە بکات بۆ ئەوەی لێی تێبگەین**

شرۆڤە بکات بۆ ئەوەی لێی تێبگەین. بەڵام وەك ئێستا دەبینین مامەڵەی حکومەتی بەغدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشێلکردنی زەقی ماددەی ١١٧ی دەستووری عێراقە.

- لایەنێکی دیکە کە بەم دواییە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هێزی سەربازی بەکارهێنرا بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دیسان پێشێلکردنی ئاشکرای ماددەی ٩ی دەستووری عێراقە کە لە بڕگەی یەکەم و خاڵی ئەلف دەڵێت: (هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یا دوورخستنەوەی هیچ لایەك و لەژێر رکێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەك بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە کاروباری سیاسییەوەو ڕۆڵی نابێت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا.) ئەگەر لەسەر ئەم بڕگە دەستوورییە هەڵوەستە بکەین و لێی ورد ببینەوە، پێش هەمووشت هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق ناکەن، لەبەر ئەوەی ڕێژەی کورد لەناو هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ١-٣٪ تێپەڕ ناکات، عەرەبی سوننەش هەر بوونی نییە، ئەوجا پێکهاتەکانی دیکەش وەك تورکمانی سوننە و کریستیان و ئاشوور ئەگەریش هەبن، زۆر کەمن، بۆیە ئەم هێزە چەکدارانە نوێنەرایەتی یەك مەزهەب دەکات کە ئەویش عەرەبی شیعەیە لە عێراقدا، پاشان هەر ئەم ماددە دەستوورییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نابێت ئەم هێزە دەست وەربداتە کاروباری سیاسییەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پەنابردن بۆ هێزی سەربازی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان لەدوای ریفراندۆم، ئایا ریفراندۆم کارێکی سەربازییە، ئایا لە ریفراندۆمدا هیچ نائارامییەك دروست بووە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە پەنابردنی حکومەتی حەیدەر عەبادی بۆ هێزی سەربازی بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان بە دەیان هەزار کەس لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون و بە سەدان و هەزار کەس بوونە قوربانی و لە دوزخورماتووش تاونی دژە مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە.

- لایەنێکی دیکە سەربارەت بە هێزی چەکدار، میلیشیاکانی حەشدی شەعبین کە بەشێکیان لەلایەن ئێرانیشەوە پشتگرییان دەکرێت و ئێێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای هەڵوەشانەوەی ئەم میلیشیایانە دەکات، سەبارەت بە دروستکردنی هێزی میلیشیا، خاڵی ب لە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٩ی دەڵێت: (قەدەغەیە میلیشیای سەربازی دروست بکرێت، لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکاندا.)، بەڵام حکومەتی عێراق ئەم میلیشیایانە بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان بەکاریهێناون.

**● عێراقی یەکگرتوو و یەکپارچە بوونی نییەو گلەییش لە کورد دەکەن دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە**

لەو کاتەوەی کوردستان بڕیاریداوە ریفراندۆم ئەنجام بدات و هەتا ئێستاش هەموو جیهان گلەیی ئەوە لە کوردستان دەکەن کە هەوڵیداوە عێراق دابەش بکات، ئەمە لەکاتێکدا نە عەرەبی شیعە و نە عەرەبی سوننە، نایەنەوێت هیچ لایەکیان لەژێر هەژموونی ئەوی دیکەیان بژین. هەر بۆ نموونە رۆبین رایت کە ئەکادیمی و رۆژنامەنووسێکی ناوداری ئەمریکایە سەبارەت بە بارودۆخی عێراق بە دەق قسەیەکی لوقمان فەیلی باڵیۆزی پێشووی عێراقی لە ئەمریکا دەخاتەڕوو کە لە وتارێکیدا نووسیویەتی: (تەنیا ئەو خەڵکانە پێداگری لەسەر مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی دەکەن کە خۆیان لە عێراقدا ناژین)، لەسەر ئەم قسەیە رۆبین رایت دەڵێت: ئەم هەستە لەزۆر شوێنی دیکەش دووبارە دەبێتەوە ئەگەر بەدیاریکراوی لە هەموو شوێنێك نەبێت.

ئەم واقیعەی کە عێراقییەکان خۆیان نایانەوێت پێکەوە بژین و دەیانەوێت لەیەکتری جیاببنەوە، هەتا ئێستاش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نکۆڵی لێدەکرێت و دەیانەوێت بە زەبری هێز عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ دەستووری عێراق کە داوا دەکات ( ئازادانە و ئارەزوومەندانە لە عێراقدا پێکەوە بژین)، بۆیە ئەگەر حکومەتی بەغدا نەتوانێت ئەو دەستوورە جێبەجێ بکات،

**ماددەکانی دەستووری عێراق فۆتۆگرافی حوکمڕانیی حکومەتی بەغدامان پیشاندەدات، ئەوجا کە ئەو ماددانەی ئەو دەستوورە جێبەجێ نەکراون، یان پێشێل کراون، ئەوەمان پیشاندەدات کە شەرعییەتی حکومەتی عێراق دەبێتە جێگەی گومان و مشتومڕ و پرسیاری لەسەر دروست دەکات**

**ئەو دادگایەی ئێستا پێی دەگوترێت دادگای فیدراڵی بەپێی دەستووری عێراق خۆی دادگایەکی نادەستوورییە و بەپێی دەستووری عێراقی ئەسڵەن دادگای باڵای فیدراڵی دانەمەزراوە**

**لەمادەی ٤٨ی دەستوور هاتووە: (دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی پێکدێت.)، بەڵام هەتا ئێستا دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە عێراقدا دانەمەزراوە**

**لە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٣٨ی دەستووری عێراق هاتووە: (دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ: یەکەم: ئازادی دەربڕین بە هەموو شێوەکان). ئەمەش مانای ئەوەیە ریفراندۆم وەک ئازادی رادەربڕین دەبێت دەوڵەت بیپارێزێت، نەک دژایەتی بکات**



ئـەوا هیـچ مانایـەك بـۆ پێكەوەژیانـی ئـازاد و ئارەزوومەندانـە بوونـی نامێنێـت و بەتەنیـا حكومەتی پێشووی عێراق و حكومەتی ئێستاش درێـژەی پێـداوە، زیاتـر لـە ٥٥ مـاددەی ئـەو دەسـتوورە، یـان پێشـێل كـراوە، یـان ئەسـڵەن هـەر جێبەجێ نەكراوە، بۆیـە ئەگـەر حكومەتی عێراق بیویسـتایە پارێزگاری لـە یەكێتـی خاكـی عێراق بـكات، ئـەوە دەبـوو ئـەو دەسـتوورەی جێبەجـێ بكردایـە و دامـەزراوە فیدراڵییەكانـی نەشێواندایە، وەك سـوپا، هێزەكانـی ئاسایشـی فیدراڵـی، یـان وەزارەتـی دەرەوەی نەدەكـرد بـە دامـەزراوەیەكـی مەزهەبگـەرا.

## ● جێبەجێكردنی دەستوور دەبێتە فرسەتێك بۆ كوردستان

هێز و مەشروعییەتی كوردستان چین؟

١. كوردسـتان بەشـدار بـووە لـە داڕشـتنی دەسـتووری عێراقـدا، ئەمـەش مەشـروعییەتی كوردسـتان لـە داڕشـتنی دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥ ی عێراقـدا و خاوەنـی هێـزە بـۆ ئـەوەی داوای مـاف و دەسـەڵاتەكانی خـۆی بەپێـی ئـەو دەسـتوورە بـكات.

٢. ئـەم دەسـتوورە تەنیـا لەلایـەن خەڵكـی كوردسـتانەوە پەسـەند نەكـراوە، بەڵكـو لەلایـەن زۆرینـەی رەهـای عـەرەب و پێكهاتەكانـی دیكەشـەوە پەسـەند كـراوە.

٣. كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ئـەم دەسـتوورەی پەسـەند كـردووە.

٤. دەسـتووری عێراق و یاسـای نێودەوڵەتـی لـە بەرژەوەنـدی كوردسـتانن.

٥. دەنگـی ٩٣٪ی خەڵكـی كوردسـتان هێـزی ئێمەیـەو هیـچ هێزێـك لـەم جیهانـەدا نییـە ئەمـە هەڵبوەشـێنێتەوە.

هەمـوو ئەمانـە مەشـروعییەتی هێـزی ئێمـەن و دەبێت ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە لەسەر مافەكانی خۆمـان رابوەسـتین بـە رێگـەی مەشـروعی و یاسـایی بەدەسـتیان بهێنیـن.

**ماددەی ٩٢ داوا دەكات دەبێت ئەندامانی دادگای فیدراڵی عێراق لە پسپۆڕانی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێكبێت و دیاریكردنی ژمارەو شێوازی هەڵبژاردن و كاری دادگاكە بە یاسا رێكدەخرێت بە زۆرینەی دوو لە سێی ٢/٣ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام ئەندامانی ئێستای دادگای فیدراڵی عێراق، نەك هەر ئەم مەرجانەیان تێدا نییە، بەڵكو پێش داڕشتنی دەستووری عێراق دامەزراون، بۆیە هەر حوكمێك بدەن، هیچ بایەخێكی نابێت و هەر شتێكیش لەسەر باتڵ بڕیاری لەسەر بدرێت، هەر باتڵ دەبێت**



**تەلار فائق** بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەربیل بۆ گوڵان:

# ئەمریکاو بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەمساڵدا فڕۆکەخانەکانی کوردستان بە رووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا بکرێنەوە

لەکاتێکدا فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ خزمەتی گەشتیار و گواستنەوەی نەخۆش و بریندارەکانی شەڕی داعش و گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی بۆ ئاوارەکان و کاری بازرگانی بەکاردەهێنرێن، کەچی بەغدا ماوەی زیاترە لە ٨٠ رۆژە گەشتی نێودەوڵەتیی فڕۆکەی مەدەنی لەهەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی راگرتووە، بەمەش زیانێکی بەرچاو بەر هاووڵاتیان و باری ئابووریی کوردستان کەوتووە. ئەوەش دەیسەلمێنێت کە رەفتارەکانی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەچێتە خانەی رەفتاری دژی مرۆڤایەتییەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی تەلار فایەق بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەربیل کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** ماوەی نزیکەی ٨٠ رۆژە هەردوو فڕۆکەخانەی نیودەوڵەتیی ئەربیل و سلێمانی بە فەرمانی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاسمانەکەی گەمارۆ دراوە، ئایا تاکەی ئەم گەمارۆیە بەردەوام دەبێت و چیتان کردووە بۆ ئەوەی گوشار لەسەر بەغدا دروست بکەن بۆ لابردنی ئەم گەمارۆیە؟**

- سەپاندنی گەمارۆی ئاسمانی لەسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە ١٠٠٪ بڕیارێکی سیاسییەو لەلایەن خودی سەرۆك وەزیرانەوە دەرچووەو پەیوەندی بە یاسای فڕۆکەوانییەوە نییە، ئەمە لەکاتێکدا لەهیچ وڵاتێکدا بڕیاری وا نەدراوە، چونکە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بواری فڕۆکەوانی و فڕۆکەخانەکان لەلایەن دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنییەوە بەڕێوەدەچێت و ئەو دەسەڵاتەش سەربەخۆیە، بەپێچەوانەی عێراقەوە کە هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێر دەستی عەبادیدایە. تەنانەت گەمارۆی ئاسمانی کە بە بڕیارێك لە ١٠/٢٩ تاکو ١٢/٢٩ دەرچووە، بەستراوەتەوە بە بابەتی داخستنی دەروازە سنوورییەکانەوە، لە کاتێکدا دەروازی ئاسمانی بە هەموو پێوەرێك جیاوازە لە دەروازییە زەمینییەکان. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان؛ ئەوە بەدڵنیاییەوە ئێمە پێش دەرکردنی بڕیارەکە و ئێستاش هەوڵێکی زۆرمان داوە، تاوەکو لەمەبەست و سروشتی داواکاری بەغدا بۆ رادەستکردنی فڕۆکەخانەکان تێبگەین، گەمارۆی ئاسمانی و داخستنی فڕۆکەخانە بۆ بەرژەوەندی بەغدایە، چونکە جگە لە مەبەست و مەرامە سیاسییەکەیان، عەبادی هەموو هێڵەکانی داخستووەو تەنیا هێڵی ئاسمانیی عێراقی هێشتۆتەوە، ئەمەش گەشتیاران ناچار دەکات تەنیا بە هێڵی ئاسمانی عێراقی گەشت بکەن و زیانێکی زۆری لە هێلە ئاسمانییەکانی تر داوە و لە هەمان کات بە گەشتیارانیش کە هیچ هەڵبژاردەیەکی تریان لە بەر دەست نەماوە، تەنیا گەشتکردن بە هێڵی عێراقی، کە جگە لە مەترسییەکان خەرجییەکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان. تەنانەت ئێمە بە برۆسیجەرێك کاری هەموو بەشەکانی ناو فڕۆکەخانەو کارکردنیان وەکو بەشەکانی گومرگ و پەساپۆرت ئامادە کردووە، بەڵام بەغدا هیچ جۆرە گفتوگۆیەك دەربارەی ئەم باسە ناکات و هیچ هەنگاوێك نایەتە پێشەوە، مەگەر بە فشارێکی نێودەوڵەتی نەبێت، هەرچۆنێك بێت بڕیارەکە لە ١٠/٢٩ تاکو ١٢/٢٩ی کۆتایی ئەمساڵە، بەڵام نازانین گەمارۆکە تازە دەکرێتەوە یاخود نا. من لە نزیکەوە ئاگاداری هەوڵەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکانم کە بە لانیکەم هەوڵ دەدەن لە ١٢/٢٩ بڕیارەکە تازە نەکرێتەوەو فڕۆکەخانەکان بە رووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا بکرێنەوە.

*** کێشەی سەرەکیی ئێوە لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی لە رووی تەکنیکییەوە چییە؟ لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی تەکنیکین و پەیوەندی بە یاسای فڕۆکەوانییەوە هەیە، ئایا فڕۆکەخانەکانی کوردستان کێشەیان لەگەڵ یاسای فڕۆکەوانی هەیە؟**

- وەکو ئاماژەم پێکرد راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بڕیارێکی سیاسیی تاکلایەنانەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە، تەنانەت لە دەرکردنی ئەم بڕیارەدا راوێژی لەگەڵ جەنابی وەزیری گواستنەوەو دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی شارستانیی عێراقیشدا نەکردووە، چونکە هیچ گرفتێکی تەکنیکیمان نییە، بەپێچەوانەوە هەرچەندە یاسای فڕۆکەوانی عێراقی یاسایەکی کۆنە بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی تەنیا هەر دوو فڕۆکەخانەی بەغداو بەسرە هەبووە، هەر بۆیە لەو یاسایە هیچ حیسابێك بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی و نەجەف و ناسرییە و موسڵ نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە وردی پابەندی هەموو یاسا و راسپاردەو تێبینییەکانی چاودێران و راپۆرتەکانیانین و لە ٢٠٠٥ـەوە تا ئەمڕۆ هیچ گرفتێکی تەکنیکیمان نەبووە، هەر بۆیە بەغداش هیچ تێبینییەکی لەسەرمان نەبووەو پەیوەندییەکانمان لەگەڵیاندا بەردەوامە و ساڵانە مۆڵەتی نوێکردنەوەی بەگەڕخستنی فڕۆکەخانەکەش لەوان وەردەگرین و هەموو جۆرە مۆڵەتەکانی دیکەش. لەلایەکی ترەوە ئێمە بە ماوەیەکی کەم و لە دوو ساڵی لە سەر یەك لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەربیل لە سەر ئاستی خێرایی گەشە و فراوانبووندا لە ریزبەندی یەکەم بووە، بگرە پێنج ساڵ لەپێش پێشبینییەکانی ماستەرپلان بووین کە (دار الهندسە) ئامادەی کردبوو، چونکە ئەو گەشەسەندنەی فڕۆکەخانەکەمان بەخۆیەوە بینی،

**ئەگەر فشارێکی توندی نێودەوڵەتی نەبێت، زەحمەتە حکومەتەکەی عەبادی پابەندی دەستوور و یاساکان بێت**

**فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەپێی پێوەرو مەرجی سەلامەتی ستاندەردی جیهانیی کاردەکات و خاوەنی چەندین بروانامە و خەلات و پێزانینی نێودەوڵەتییە**

**بەغدا بەشی ئاسمانی کوردستانیش بۆ خۆی وەردەگرێت و بەشی فڕۆکەخانەکانی کوردستانی نەداوە، کە بەپێی یاسای فڕۆکەوانی ئەم برە پارەیە دەبێت بۆ پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکان بەکاربهێنرێت و پێویستە بگەڕێندرێتەوە، کە چەندەها ملیۆن دۆلارە**

دەبووایە لە چەند ساڵی داهاتوودا بگەیشتایەتە ئەو ڕێژەیە.

*** ئایا ئەوەندەی ئێوە ئاگادارن لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دیالۆگ و پەیوەندی لەنێوان وەزارەتی گواستنەوەی عێراق و وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەگەر هەیە هەوڵەکان بە کوێ گەیشتوون؟**

- کێشەی ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەی مەدەنی لە فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی گواستنەوە و بە دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراقەوە نییە، تەنانەت لە سەرەتای کێشەکەدا ڕۆژانە پەیوەندیم بە جەنابی وەزیری گواستنەوەی عێراقەوە دەکرد، کەچی جەنابیان پێی دەوتم: «بڕیارەکە پەیوەندی بە وەزارەتەوە نییە و بڕیاری سەرۆک وەزیرانە و هەر نووسراوێکیشتان هەیە و ڕاستەوخۆ بۆ نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی بنێرن..» بەم پێیە کەسیان ئامادە نەبوون و نەیاندەتوانی گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتە بکەن، تەنانەت ئەوان دوای دەرکردنی بڕیارەکە بە ماوەیەکی کەم بەڕێوەبەری دەسەڵاتی فڕۆکەوانیشیان لابرد.

*** بێگومان گەمارۆدانی ئاسمانی کوردستان بۆ فڕۆکەوانی مەدەنی، کاریگەری دەچێتە دژی ڕەفتارە مرۆییەکان، لەبەر ئەوەی فڕۆکەخانە لە خزمەتی نەخۆش و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکان و گەشتکردنە، ئایا لەسەر ئەم ڕەفتارە دژ بە مرۆڤایەتییە، سکاڵای خۆتان گەیاندۆتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك UN و خاچی سووری نێودەوڵەتی و ئەو دەوڵەتانەی کونسوڵخانەیان لە کوردستان هەیە، ئایا هیچ گوشارێك بۆ بەغدا دروست بووە کە چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە؟**

- ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەکانی کوردستان بڕیارێکە دژی مرۆڤایەتی و حەیدەر عەبادی وەکو هەموو بڕیارەکانی تر سزای خەڵکی کوردستان دەدات، چونکە لەم فڕۆکەخانەیەدا بەسەدان بریندار و نەخۆش و قوتابی و کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان گەشت دەکەن، ئەمە جگە لە هەزارەها پێشمەرگەی برینداری شەڕی داعش بۆ چارەسەر ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراون، ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدییەکانیش لە ڕێگەی ئەم فڕۆکەخانەیە گواستراونەتەوە، زیاتر لە ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئاوارە لەکوردستان هەیە و پێویستیان بەهاوکاری و یارمەتیی ڕێکخراوە مرۆییەکان هەیە، ئەمە جگە لە هاووڵاتیانی نەخۆش کە ئێستا ڕێگرییان لێ دەکرێت بۆ چارەسەر بچنە دەرەوەی وڵات. خۆ ئەگەر باسی یاساش بکەین، ئەوا ڕێکخراوی (ICAO) کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکانەوە هەیە، ڕاستە لە ڕووی یاساییەوە ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ سکاڵا لە دژی دەوڵەتی عێراق تۆمار بکەین، بەڵام ئەمە ئێمەی ڕانەوەستاندووە، چونکە عێراق پێشێلی ڕێککەوتنامەی شیکاگۆی کردووە، کە خۆی واژووی لەسەر ڕێککەوتنەکە کردووە و ئەندامە لە ڕێکخراوی (ICAO) و نابێت دەسەڵاتەکانی بۆ مەبەستە سیاسی و دژە مرۆڤاییەتەکان بە کاربهێنێت، بۆیە بە یاداشتێك نەتەوە یەکگرتووەکانمان ئاگادار کردۆتەوەو لەبەشی یاسایی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك بە گرنگییەوە وەرگیراوە و لە ئێستادا کاری لەسەر دەکەن و بەدواداچوون دەکەن، لەگەڵ ICAO بۆ ئەوەی تەئکید لەسەر نایاسایی بڕیارەکەی عێراق بکەنەوە، پێشبینی ئەوەش دەکەم ئیجرائات وەربگیرێت، ئەمەش لەسەر عێراق زۆر ڕادەوەستێت، چونکە پێشێلکاری ڕێککەوتنامەی شیکاگۆی کردووە کە خۆی لە ساڵی ١٩٤٧ واژووی کردووە. بڕیارەکەی عەبادی مۆرکێکی سیاسی هەیە و دەستێوەردانە لە کەرتی فڕۆکەوانی و کاریگەری لەسەر زۆر بواری فڕۆکەخانە و فڕۆکەوانی دەکات، بۆ نموونە ئێمە کارمەندی بەشی تاوەر (چاودێریی ئاسمانی)مان هەیە کە دەبێت بە هاوشێوەی فڕۆکەوانەکان ماوە ماوە خول ببینن، گەمارۆیەکە کاریگەری لەسەر ئەم بوارانەش کردووە، کە پەیوەستە بە سەلامەتی گەشت و گەشتیاران.

*** حکومەتی عەبادی داوای ئەوە دەکات بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکان ڕادەستی دەسەڵاتی فیدراڵی بەغدا بکرێتەوە، لەکاتێکدا هەر دوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دوای ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ بە پێی دەستووری عێراق کراونەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر لەماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوو ئەم فڕۆکەخانانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بووبن، چۆن قبوڵ کراوە؟ یان ئایا چۆن شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی دەوڵەتانی جیهان مامەڵەیان لەگەڵ ئەم فڕۆکەخانەیە کردووە؟**

**نە لە دەستوور و نە لە یاساکانی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی و نە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا نەهاتووە حکومەتی مەرکەزی دەبێت دەسەڵاتی تەواوی بە سەر فڕۆکەخانەکەدا هەبێت**

**عێراق پێشێلی ڕێککەوتنامەی شیکاگۆی کردووە، کە خۆی واژووی لەسەر ڕێککەوتنەکە کردووە و ئەندامە لە ڕێکخراوی (ICAO) و نابێت دەسەڵاتەکانی بۆ مەبەستە سیاسی و دژە مرۆڤاییەتەکان بە کاربهێنێت**

**ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەکانی کوردستان بڕیارێکە دژی مرۆڤایەتی و حەیدەر عەبادی وەکو هەموو بڕیارەکانی تر سزای خەڵکی کوردستان دەدات، چونکە لەم فڕۆکەخانەیەدا بەسەدان بریندار و نەخۆش و قوتابی و کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان گەشت دەکەن، ئەمە جگە لە هەزارەها پێشمەرگەی برینداری شەڕی داعش بۆ چارەسەر ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراون**

- نە لە دەستوور و نە لە یاساکانی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی و نە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا نەهاتووە حکومەتی مەرکەزی دەبێت دەسەڵاتی تەواوی بە سەر فڕۆکەخانەکەدا هەبێت، بۆ ئەم خاڵە ئێمە دیراسەیەکی تەواوی یاساکانمان کردووەو راپۆرتێکی تەسەلمان ئامادە کردووە. دەسەلاتی فڕۆکەوانی تەنیا لە رووی سەلامەوە بۆیان هەیە چاودێری و پشکنینی دەوری بکەن و تێبینی و راپۆرتەکانیان پێشکەش بکەن، جگە لە بابەتە سیادییەکان کە بریتین لە ئاسمانی عێراق و واژووکردنی رێکەوتننامەکان (MOU) لەگەڵ وڵاتانی تر کە بەغدا لە هیچ رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی و فڕۆکەوانی پرس و رای ئێمەیان وەرنەگرتووە و ئاگاداریان نەکردووین. لە خودی یاسای فڕۆکەوانی ١٩٧٤دا بڕگەیەك هەیە، باسی بەڕێوەبردن دەكات: ئەو فڕۆکەخانانەی بەڕێوەدەبرێت و تەمویل دەکرێت لەلایەن حکومەتێکی موعەیەنەوە، ئەوا لە ژێر دەسەلاتی ئەو حکومەتەدا دەبێت، کە لە فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. باشە ئێمە تا ئێستا یەك دینارمان لەحکومەتی مەرکەزییەوە بۆ نەهاتووە، نە وەك حکومەت، نە وەك دەسەڵاتی فڕۆکەوانی و جگە لە خەرجی ئۆڤەر فلایت کە لە تێپەڕبوونی فڕۆکەکان بە ئاسمانەکەماندا دەست دەکەوێت، بەغدا بەشی ئاسمانی کوردستانیش بۆ خۆی وەردەگرێت و بەشی فڕۆکەخانەکانی کوردستانی نەداوە، کە بە پێی یاسای فڕۆکەوانی ئەم بڕە پارەیە دەبێت بۆ پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکان بەکاربهێنرێت و پێویستە بگەڕێندرێتەوە، کە چەندەها ملیۆن دۆلارە.

*** حکومەتی عەبادی کاتێك باس لە دەسەڵاتی فیدراڵی دەکات، ئێمە وا تێدەگەین مەبەستی ئەوە بێت کە ئەو کارمەندانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فیدراڵی کاردەکەن، دەبێت عەرەب و شیعە بن، ئەمە لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەك گومرگ و رەگەزنامە و پاسپۆرت و فڕۆکەخانەکان کارمەندی دەسەڵاتی فیدراڵین، ئایا ناکرێت ئەو فەرمانبەرانەی سەر بەدەسەڵاتی فیدراڵین، کورد، یان کوردستانی بن؟**

- فڕۆکەخانەی هەولێر شوێنی جوگرافیای لە کوردستانە و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە هەمان کات لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری بەغداشدا بووە، لە کاتێکدا فڕۆکەخانە هەیە لە عێراق لە کوردستاندا نین، بەڵام نە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە و نە پارەو داهاتیشی دەچێتەوە ئەنجومەن و وزارەت، بەڵکو راستەوخۆ ئەو فڕۆکەخانەیە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بەڕێوەدەبرێت و تەواو سەربەخۆیە و گەمارۆش ناخرێتە سەریان. ئێمە چەند هەفتەیەك پێش دەرکردنی بڕیارەکە شاندێکی بەغدا بۆ چاودێریی فڕۆکەخانەکە لێرە بوون و راپۆرتی خۆیان دایەوە بە بەغداو هیچ تێبینی و سەرنجێکیشیان نەبووە، لە ئێستاشدا بڕیارە شاندێکی تریان هەفتەی داهاتوو بێن هەر وەك پێشوو، هەر بۆیە ئەوان لە مەسەلەی رادەستکردنی فڕۆکەخانەکە خۆشیان نازانن چییان دەوێت و مەبەست چییە و ئالییەتی ئەو کارە چۆن دەبێت، بۆیە هیچ روونکردنەوەیەکیان پێ نەبووە، نە بۆ ئێمە و نە بەو لایەن و شاندە نێودەوڵەتییانەی کە ویستوویانە چارەسەری کێشەکە بکەن. من لەوە تێناگەم رادەستکردنەوەی فڕۆکەخانە خۆ شمەکێك نییە بدرێتە دەستیان، ئەم کارە پێویستی بەگفتوگۆ و میکانیزمی تایبەت هەیە، باشە ئێمە ساڵانە مۆڵەت لە بەغداوە نوێ دەکەینەوەو چاودێرەکانیان سەردانمان دەکەن و رەزامەند بوون لە کارەکان یاخود هەندێك جار تێبینی بچووکیان هەبووە و کارەکە ئەنجام دراوە، بۆ نموونە داوای تۆخکردنەوەی بۆیاغی مەدرەجەکانیان کردووە، یاخود زیادکردنی راهێنان و ژمارەی کارمەندی بەشێك، لەوە زیاتر هیچ تێبینیەکی گرنگ و مەترسیداریان نەبووە، چونکە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بەپێی پێوەرو مەرجی سەلامەتی ستاندەردی جیهانیی کاردەکات و خاوەنی چەندین بڕوانامە و خەلات و پێزانینی نێودەوڵەتییە.

*** ئایا دەتوانن بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بڵێن لە ئایندەیەکی نزیکدا گەمارۆی ئاسمانی لەسەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان لادەبرێت؟ ئایا ئەو ئایندە نزیکە بەرای تۆ چەند دەخایەنێت؟**

پێشبینی و پێشهاتەکان لە عێراقدا زەحمەتە، چونکە وڵاتێکە دوور لە هەموو پێوەر و یاساکان مامەڵە دەکات، هەر بۆیە ئەگەر فشارێکی توندی نێودەوڵەتی نەبێت، زەحمەتە حکومەتەکەی عەبادی پابەندی دەستوور و یاساکان بێت، ئەوەتا ئەمریکاو بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەوڵدان بۆ ئەوەی دوای ١٢/٢٩ ئەمساڵ بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان درێژ نەکرێتەوە، هەربۆیە رەنگە لەسەری ساڵی نوێدا گەشتەکان ئاسایی ببنەوە.

**لە دوو ساڵی لە سەر یەک لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل لە سەر ئاستی خێرایی گەشە و فراوانبووندا لە ریزبەندی یەکەم بووە**

**یاسای فڕۆکەوانی عێراقی یاسایەکی کۆنە بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی تەنیا هەر دوو فڕۆکەخانەی بەغداو بەسرە هەبووە، هەر بۆیە لەو یاسایە هیچ حیسابێک بۆ فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی و نەجەف و ناسرییە و موسڵ نەکراوە**

**راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بڕیارێکی سیاسیی تاکلایەنانەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە، تەنانەت لەدەرکردنی ئەم بڕیارەدا راوێژی لەگەڵ جەنابی وەزیری گواستنەوەو دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی شارستانیی عێراقیشدا نەکردووە**

# غرووری عەبادی و یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

گەلی کوردستان ماوەی زیاتر لە یەك سەدەیە زوڵمی لێدەکرێت و بە زۆر دابەشی سەر وڵاتانی دیکە کراوە، ریفراندۆم و ئەنجامەکەی جگە لەوەی بە گوێچکەی جیهانیدا چرپاند کە لەسەر رووی ئەم زەوییەو لە نێو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەبەرچاوی هەموو دەوڵەتانی دیموکراتیخوازی، ئەمریکی، ئەورووپی، ئاسیایی و ئەفریقی. نەتەوەیەك هەیە کە هێشتا چارەنووسی نادیارەو نەبۆتە دەوڵەت و دەیەوێت هەنگاو بەرەو دەوڵەت بوون بنێت، ئەوا پێشی راگەیاندن کە لەو رۆژهەڵاتە ناوەڕاستەی کە هیچ کات سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە و زۆر کەم پرەنسیپی دیموکراتی و پرۆسەی ئاشتییانەی تێدا بەدی دەکرێت، گەل و کوردستانێك هەیە کە دەیەوێت بەو پرەنسیپەی کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زۆربەی هەرە زۆری دۆکیۆمێنت و رێککەوتننامەکانی خۆی جێگری کردووەو بە پرەنسیپێکی یاسایی و شەرعی ناوی دەبات، دوور لە توندوتیژی بڕیار لە مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بدات، بەڵام بەداخەوە هەم لەسەر ئاستی ئیقلیمی و هەم نێودەوڵەتیش، کاردانەوەی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی بە دوای خۆی هێنا، بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە بە ناوی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی زیاتر لە سەدەیەکە بە هاوکێشەی جیاجیا و بە دەستوەردان و ئاڵوگۆڕی جوگرافی و دیموگرافی و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان بڕیار لە چارەنووسی نەتەوەکانی تر دەدەن.

بە داخەوە کاردانەوەی ئەوان زۆر بە روونی ئەوەی دەرخست کە ئەو دروشم و پرەنسیپانەی ئەوان هێندە ساڵە بە ناوی دیموکراتیەت بە گوێچکەی جیهانیاندا چرپاندووە، جگە لە وەهمێکی سیاسییانەو بەرژەوەندیخوازیی تاکلایەنەی ئەوان هیچ شتێکی دیکە نییە. چونکە هەم پێش گشتپرسی و هەم دوای گشتپرسیش، چ دەوڵەتانی ئیقلیمی و چ دەوڵەتانی تر و دۆست، هەڵوێستی خۆیان چ بە نەرێنی و چ بە بێدەنگبوونیان سەبارەت بەم پرۆسە شەرعییە دەربڕی، کە هەندێکیان بوونە هۆی دروستکردنی غرووریکی دوژمنکارانە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق و لەلایەن هەر سێ دەسەڵاتەوە، ئەوەی کە نادەستووری و نایاسایی و ناعورفی بوو، بەرامبەر بە گەل و هەرێمی کوردستان ئەنجام درا و بڕیارە دوژمنکارانەکانیان بووە هۆی سەپاندنی سزای نادەستووری بەسەر گەلی کوردستاندا.

لە سەرەتای ساڵی(٢٠١٤) وە جارێکی تر سزاکان دەستی پێکردەوە کە خۆی لە بە ناحەق و نادەستووری بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و نەدانی قوتی خەڵکی کوردستان دەبینییەوە. هەروەها قەدەخەکردنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی هەردوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و هێرشکردنە سەر کەرکووك و ئاوارەکردنی هەزاران هاووڵاتی کورد و کوشتن و تاڵانکردنی سەروماڵ و دەستدرێژیکردن و رفاندنی هاووڵاتیانی کورد لە کەرکووك و دوزخورماتوو لە لایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بە هاوکاری وڵاتی ئێران و باڵێکی لادەر وهەرزەکاری حزبێکی نێوخۆیی و بەشێوەیەکی نادەستووری و پێچەوانەی مادەی(٩)ی دەستووری عێراق، بەشێکی دیکەی ئەو سزایانەن کە لەم دواییە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئەنجامی داون، ئەمانەش نییەتی خراپی حەیدر عەبادی و حکومەتەکەی پێشانی ئێمەو هەموو جیهان دا، بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی جیهان بەو شێوەیە نەبوو کە گەلی کوردستان چاوەڕێی بوو.

ئەمە جگە لەوەی کە دادگای فیدڕاڵیش لە دەرکردنی بڕیارەکانی خۆی دژ بە کورد، کە بڕیاری سیاسین، سلی نەکردۆتەوە، مخابن شرۆڤەو تەفسیری ماددەکانی دەستووری دەکات، بە گوێرەی ئەو تەفسیرەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق و شەقامی عەرەبی دەیەوێت.

ئەمە جگە لەوەی کە پەرلەمانی عێراقیش، کە گوایە پەرلەمانی دەوڵەتێکی فیدڕاڵییە، ئەویش لەم ماوەیەی رابردوو و لە زۆر بابەتی پەیوەندیدار بە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و سزادان و وروژاندنی شەقام دەستی لە زۆر بابەت وەردا و خۆیشی باشتر دەزانێت کە زۆربەی ئەو بڕیارانەی داویەتی لە ئەنجامی هەڵچوون و دوور لە عورفی پەرلەمانی و بە نایاسایی داویەتی. لە رێکەوتی(٢٠١٧/٩/١٢) و لە دانیشتنی ژمارە(١٧)ی پەرلەمانی عێراق و بە بێ ئەوەی گوێبیستی بۆچوون و قسەی نوێنەرانی گەلی کوردستان بێت و دوور لە عورفی پەرلەمانی و بێ ئەوەی سیغەی بڕیارەکە بە لیژنەکانی تایبەتمەند تێپەڕبێت و بخرێنە نێو بەرنامەی کار و لە دانیشتن دەنگی بۆ بدرێت، بڕیاری رەتکردنەوەی گشتپرسی (هەرچەند لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کوردێك بوونی هەیە، بەڵام وەڵامی ئەوەی کە ئایا بۆچی بەرێزیان لەوێ

**لە نێو دانیشتنی پەرلەمان و لە رەشنووسی سەرەتایی بڕیارەکە زۆر بە روونی ئاماژە بە جووڵاندنی هێز درا لەکاتی پێویست بۆسەر هەرێمی کوردستان، کەچی دواتر کە زانییان ئەم بڕگەیە بە خراپی لە سەریان دەشکێتەوە، ئەوا لە سیغەی کۆتایی بڕیارەکە سڕایەوەو بە شێوەیەکی تر جێگیر کرا**



نەدا مێرگەسۆری

پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نەبوون و مافی ڤیتۆی خۆی بەکارنەهێنا بۆ ئەو بەجێ دێڵم، کە گوایە ئەویش هۆکاری خۆی هەبووە!)، ئەوا یەکسەر هەر لە دانیشتنەکە خرایە بەرنامەی کار و بێ ئەوەی دەرفەت بدرێتە نوێنەرانی کورد، دەنگی بۆ درا و گشتپرسی رەتکرایەوەو جگە لەوەی کە سیغەی بڕیارەکە (٣ مادەی) لەخۆ دەگرت کە رەتکردنەوەی گشتپرسی و دستکراوەیی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی بۆ ئەنجامدانی هەر رێکارێك بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق لەخۆ دەگرێت و لە نێو دانیشتنی پەرلەمان و لە رەشنووسی سەرەتایی بڕیارەکە زۆر بە روونی ئاماژە بە جووڵاندنی هێز درا لەکاتی پێویست بۆسەر هەرێمی کوردستان، کەچی دواتر کە زانییان ئەم بڕگەیە بە خراپی لە سەریان دەشکێتەوە، ئەوا لە سیغەی کۆتایی بڕیارەکە سڕایەوەو بە شێوەیەکی تر جێگیر کرا. ئەگەر سەیری ڤیدیۆی دانیشتنەکەش بکەن، بۆتان روون دەبێتەوە، ئەم بەشە مەترسیدارە چۆن سڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەکەونە بەر لۆمە، ئا ئەمەیە عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق.

هەروەها لە رێکەوتی (٢٠١٧/٩/١٤) و لە دانیشتنی ژمارە(١٨)ی پەرلەمان، لە کاتێکدا هەموو فراکسیۆنەکان دانیشتنەکانی پەرلەمانیان بایکۆت کردبوو، بە شێوەیەکی نادەستووری و نایاسایی لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیران، بەڕێز (نەجمەدین کەریم) پارێزگاری شەرعی کەرکووك ئیقالە کرا، تەنیا لەبەرئەوەی بەرگری لە ئاڵای کوردستان و گشتپرسی و مافی نەتەوەکەی خۆی کردبوو، هەرچەند ئەوان دەیانگوت بیانوی لادانی ئەو شتێکی دیکەیەو پەیوەستە بە خراپی ئیدارەکردن و (گوایە گەندەڵی)، لە کاتێکدا ئاشکرایە کە بیانووی ئیقالەکردنی پارێزگار لەبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ئەو بوو، نەك هیچ بابەتێکی تر، ئەمەش لە کاتێکدا، کە پارێزگای کەرکووك تاکە پارێزگایە کە هێشتا یاسای تایبەتی سەردەمی حاکمی مەدەنی (پۆل بریمەر)ی بەسەر جێبەجێ دەکرێت و حاڵەتێکی تایبەتی هەیە لە تەعامولکردن لەگەڵی .

ئەمە جگە لەوەی کە لە رۆژی گشتپرسی و لە دانیشتنی ژمارە(٢٢)، پەرلەمانی عێراق، بڕیارێکی (١٣) خالی درا، کە حکومەت و سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەستکراوە کرد بۆ ئەنجامدانی هەر رێکارێك لە نێویشی هێرشی سەربازی بۆ بڵاوبوونەوە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم و داخستنی دەروازە سنوورییەکان و سزادانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەشداری گشتپرسییان کردووە.

پەرلەمانی عێراق چەندین بڕیاری تری داوە لەدژی گەل و هەرێمی کوردستان کە هیچ یەك لەمانە خزمەتی هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە ناکات کە بەسەر عێراق هاتووە، بەڵکو رێخۆشکەر بووە بۆ زێدەتر کردنی گرژی و ئاڵۆزییەکان، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم جۆرە بڕیارانە، بەرهەمی موزایەدەی پەرلەمانتارەکانی دژە کوردە، بۆ هەڵمەتێکی پێشوەختەی هەڵبژاردنەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەنگەکانی خۆیان لەسەر حیسابی ئازاردان و سزادانی گەلی کوردستان، چونکە ئەوان وا راهاتوون چەندە دژایەتی کورد بکەن، ئەوا زیاتر دەنگ دێنن لە شەقامی عەرەبی خۆیان.

ئەو غرووورەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، عێراقی گرتۆتەوە، خزمەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق ناکات و جگە لە خراپترکردنی رەوشەکە، ئەوا عێراقەکەی خۆشیان بەرەو هەڵدێر دەبات.



ئەوەی پێویستە لە سەر کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کورد یەکڕێزی و خۆڕاگری و یەکهەڵوێستی هەموو لایەنە کوردستانییەکانە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، بەتایبەت بۆ کۆتاییهێنان بەو رەوشە ناهەموارەی لە کەرکووك و دوزخورماتوو دروست بووە، کە بە هۆی کردەوەی هەندێك کەسی نابەرپرس و لادەری نێوخۆیی دروست بوو، ئەمە جگە لەوەی کە یەکڕێزی و یەکهەڵوێستی هەموو لایەنەکان، پێویستییەکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵوێستەی حکومەتی عێراق کە بەرامبەر بە بەشە بودجەی هەرێم و کیانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی (٢٠١٨)ی ئاماژەی پێداوەو پرۆژە یاسای بودجەی بە بێ ئاماژەکردن بە بەشە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم و بێ ئاماژەدان بە دەستەواژەی هەرێمی کوردستان رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە. ئەم هەڵوێستە نادەستوورییەی عەبادی دەرخەری ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق وەك هەمیشە بە چاوێکی دوژمنکارانە سەیری گەلی کوردستان دەکات و تا بێتیش لە هەڵوێستە دوژمنکارانەکەی بەردەوام دەبێت، بۆیە وەڵامی ئەو هەڵوێستە نادەستووری و دوژمنکارانەیەی حکومەتی عێراقی، بەس بە یەکڕێزی و یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم دەدرێتەوە.



جیراڵد فێرشتەین

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە یەمەن بۆ گوڵان:

# ئێران سوودی لە حوکمڕانیی لاوازی وڵاتانی ناوچەکە وەرگرتووە

**جێراڵد فێرشتەین بەڕێوەبەری پرۆگرامی «کاروباری کەنداو و پەیوەندییەکانی حکومەت»ـە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ ماوەی ٤١ ساڵ کاری دیپلۆماسی کردووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لە ساڵی ٢٠١٠وە تاوەکو ٢٠١٣ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە یەمەن. هەروەها لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە و رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دارشتن و پەرەپێدانی سیاسەتەکانی بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستڕۆیشتوویی و سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە و هەلومەرجی پڕ لە پشێوی یەمەن و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە لە ئێستادا بارگرژی و پشێوی باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئەو ناوچەیە دەڕوانن و هەڵسەنگاندنتان بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چییە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخەکەوە هەبێت، ئەوا پێموایە هەمووان بە نیگەرانییەوە لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە دەڕوانن، کە چۆن بوونەتە هۆی ئەوەی دژواری و تەحەددی بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و هەروەها بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بخولقێنن، هەر لە بوونی گرووپە توندڕە و توندوتیژەکانەوە بۆ بوونی داعش لە عێراق و سووریا و رێکخراوی ئەلقاعیدە لە یەمەن. بە هەمان شێوە بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران و بارگرژی نێوان ئێران و سعودیەش بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی دۆخی ناوچەکە. لەلایەکی دیکەوە دەتوانین ئاماژە بە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و بڕیاری ئەمریکا بۆ ناساندنی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل بکەین، لەگەڵ ئەو کاریگەرییەی کە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت. هەروەها دەکرێت ئاماژە بەو ناسەقامگیرییە بکەین کە لە وڵاتی لوبناندا لە ئارادایە. کەواتە ژمارەیەك تەحەددی و تەنگژە لەئارادان. ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکاوە هەبێت لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئەوا ئاشکرایە کە ستراتیژییەتی ئیدارەی ترەمپ پتر تەرکیز لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندڕەوە و توندوتیژیەکان دەکاتەوە، وەك شەڕکردن لە دژی داعش و بەرپەرچدانەوەی ئێران لە پرسەکانی دیکەی ناپەیوەست بە کێشە ناوکییەکەوە، وەك دەستتێوەردان لە کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتانی دیکە و پشتیوانیکردن لە تیرۆریزم و لایەنەکانی دیکەی سیاسەتی ئێران. کەواتە هەموو ئەم پرسانە پێکەوە رووددەن، بەڵام بەبێ ئەوەی ببینین ئیدارەی ترەمپ گوتارەکانی بکاتە سیاسەتێکی بەرچاو و کرداری کە سەربکێشێت بۆ خاوکردنەوەو کەمکردنەوەی بارگرژی لە

ناوچەکەدا، بە چەشنێك بواری ئەوە بڕەخسێنێت کە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگیرێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە شەڕی دژ بە گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان کرد، کە ئێستا دەبینین شەڕی داعش لە کۆتایی نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین تێکشکاندنی داعش بە مانای کۆتاییهاتنی شەڕی دژ بە تیرۆرە؟**

- نەخێر، من پێموانییە بتوانین بڵێین شەڕی دژ بە تیرۆر کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا توانراوە بەدی بهێنرێت، بریتییە لە ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سووریا، هەروەها توانیومانە سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بهێنین، واتە توانیومانە شکست بە داعش بهێنین لەو ناوچانەدا، بەڵام نەمانتوانیوە ریشەکێشیان بکەین. کەواتە ئەگەر جارێکی دیکەش بە چەشنێك دەرنەکەونەوە کە بتوانرێت بە ئاسانی بکرێنە ئامانج، ئەوا پەنا بۆ شێوازی دیکە دەبەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، بۆ نموونە ئەو هێرشانەی ئەنجامی دەدەن لە ڕێی ئەو کەسانەی کە پێیان دەڵێن گورگە تەنیاکان. کەواتە تیرۆریزم بەم شێوەیە لە ناو نابردرێت، بەڵکو تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بتوانین ئەو کێشە و هۆکارانە چارەسەر بکەین کە لە بنەڕەتدا بوونەتە پاڵنەری ئەوەی کەسانێك ببنە تیرۆریست، واتە تاوەکو ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا ناتوانین بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە لە ریشەکێشکردنی تیرۆریزمدا بەدی بهێنین.

*** بەڵام چۆن دەکرێت ئەو کێشە و هۆکارانە چارەسەر بکرێن؟ ئایا ئەمە پێویستی بە چارەسەرێکی درێژخایەنی سیاسی نییە لەم وڵاتانە و ئایا دەبێت سروشتی ئەو چارەسەرە چی بێت؟**

- لە ڕاستیدا هەر چارەسەرێك کە دەگیرێتەبەر پێویستە چارەسەرێکی درێژخایەن بێت، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە دەوڵەتانی ناوچەکە دەست لە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتە دراوسێکانیان هەڵبگرن. هەروەها داواکاری ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە تەرکیز لەسەر کێشە ئابوورییەکان و چاکسازی کۆمەڵایەتی بکەنەوە و بەدەم داخوازییەکانی خەڵکەکەیانەوە بچن. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێککەوتنە ناوکییەکە لەگەڵ ئێراندا ئەوە بوو کە ئەگەر بێتو ئێران ڕازی بێت بە ڕاگرتنی بەرنامەی دروستکردنی چەکی ناوکی، ئەو کات پتر بایەخ بە پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکەی دەدات و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەمتر دەستتێوەردان لە بارودۆخی دەوڵەتە دراوسێکانی بکات، بەڵام بە داخەوە ئێمە ئاماژەی هاتنەدی ئەم دەرئەنجامە بەدی ناکەین.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئایا ئەو پەرەسەندنانە چین کە زۆرترین نیگەرانی بەدوای خۆیاندا دەهێنن و پێویستی بە ئاوڕدانەوە و چارەسەرکردنی بەپەلە هەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە. من دەڵێم هەڵکشانی بارگرژی نێوان ئێران و سعودیە و هاوپەیمانەکانی مایەی زۆرترین نیگەرانییە کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت سەربکێشێت بۆ ناکۆکییەکی بەرفراوان.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سیاسەتێکی ڕوون و گشتگیر لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە بەدی ناکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بوونەتە هۆی ئاڵۆزبوونی هەلومەرجی ناوچەکە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە ئێمە بینیمان سەرۆك ترەمپ سیاسەت و ستراتیژیەتێکی نوێی لە ئاست ئێراندا ڕاگەیاند، بەڵام تا ئێستا ئەمە لە چوارچێوە و لە خانەی گوتار دەرنەچووە و نەبۆتە سیاسەتێکی کرداری بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی دەستتێوەردانی ئێران لە بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە، بۆ نموونە لە یەمەن و لە بەحرەین، هەروەها کردەوەکانی ئەمریکا لە سووریا بوونەتە هۆی بەهێزکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەبری لاوازکردنی. واتە پێدەچێت دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی هەنگاوەکانی ئەمریکا پێچەوانەی نیاز و مەبەستەکانی بێت. کەواتە ناکرێت بوترێت ئیدارەی ئەمریکا ستراتیژیەتێکی ڕوونی لە ئاست ئێراندا هەیە.

*** کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە بێجگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی،**

> **باشترین ڕێگاچارە بریتییە لە چارەسەرکردنی پرسی حوکمڕانی و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە بۆ ئەوەی چیتر ئێران دەرفەتی ئەوەی نەبێت لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکات. هەروەها دەکرێت لە ڕێی سەپاندنی سزاکانەوە کارێك بکرێت کە ئێران لە بەرامبەر کار و کردەوەکانی لە ناوچەکەدا باجێکی زیاتر بدات**

**باشترین ڕێگاچارەی سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. لە ڕاستیدا ڕێگاچارەکان لەبەردەم ئیدارەی ئەمریکادا بۆ ئەوەی لە ئاست ئێراندا بگیرێنەبەر سنووردارن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەکرێت چەند هەنگاوێك هەڵبگیرێت، بۆ نموونە لە پەیوەندی بە کێشەی و قەیرانی یەمەنەوە، ئەوا پاڵپشتیکردن لە هاوپەیمانان و پێداگیری لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٢٢١٦ هەنگاوێکی گرنگ دەبێت، بەڵام ناکرێت دەستتێوەردانی ئێران لە یەمەندا چارەسەر بکرێت، بە بێ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئەو وڵاتە و بە بێ گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ئەو وڵاتە. لە بەحرەیندا باشترین ڕێگاچارە بۆ سنووردارکردن و کۆتاییهێنان بە دەستتێوەردانی ئێران بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و ناوخۆیی ئەو وڵاتە، بەم شێوەیە بواری دەستتێوەردانی ئێران لەو وڵاتەدا کەم دەکەیتەوە و کۆتایی پێدەهێنیت. بە گشتی دەتوانین بڵێین ئێران لەو وڵات و ناوچانەدا توانیویەتی پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات کە حوکمڕانی تێیاندا لاواز بووە، یان بوونی نەبووە، لەم ڕوانگەیەوە باشترین ڕێگاچارە بریتییە لە چارەسەرکردنی پرسی حوکمڕانی و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە بۆ ئەوەی چیتر ئێران دەرفەتی ئەوەی نەبێت لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکات. هەروەها دەکرێت لە ڕێی سەپاندنی سزاکانەوە کارێك بکرێت کە ئێران لە بەرامبەر کار و کردەوەکانی لە ناوچەکەدا باجێکی زیاتر بدات. بە تێڕوانینی من دەکرێت ئەم ڕێگاچارەیە بگیرێتەبەر بە بێ ئەوەی بڕگەکانی ڕێککەوتنە ناوکییەکەش پێشێل بکرێت.

*** بەڵام لە ئێستادا ئێران سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەی لە ناوچەکەدا لە ئارادایە، بەتایبەتی کە توانیویەتی دەستڕۆیشتوویی خۆی پەرە پێبدات لە عێراق و سووریا و لوبناندا؟**

- بەڵێ، ئەمە تەواو ڕاستە، هەروەها ئێران هەوڵ دەدات سوود لە بڕیارەکەی ترەمپ بۆ ناساندنی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل وەربگرێت، لە ئێستاشدا لە ڕێی حزبوڵا و هێزە وەکیلەکانی دیکەوە کار لەسەر سوودوەرگرتن لەو تووڕەییە دەکات کە لە ناوچەکەدا دروست بووە لە بەرامبەر بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپدا. ئەمە لە کاتێکدا هەموو ئەو کردەوانە دەبنەهۆی لاوازکردنی هاوپەیمان و شەریکەکانمان لە ناوچەکەدا و لە هەمان کاتدا پێگەی ئێران بەهێز دەکەن.

*** ئەی چۆن لە هەوڵ و کۆششەکانی حکومەتی سعودیە، بەتایبەتی شازادەی جێنشین، محەمەد بن سەلمان، دەڕوانن بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەختگیرتر لە ئاست ئێراندا؟ ئایا پێتانوایە چ کاریگەری و دەرهاویشتەیەکیان لێدەکەوێتەوە؟**

- ڕاستە ئێستا ئێمە سیاسەتێکی سەختتر بەدی دەکەین کە سعودیە دەیگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە، بۆ نموونە لێدوانەکانی لەبارەی بوونی حزبوڵا لە یەمەن و کار و کۆششەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی حزبوڵا بوونەتە هۆی زەقکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان سعودیە و ئێران. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن سعودیە لە پێگەی هێرشبەردندایە، بەڵام بڕیارەکەی ئەمریکا لەبارەی قودسەوە شکستێك بوو بۆ سعودیە، چونکە سعودیە لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا دەکات و تەنانەت گومان هەیە لەوەی سعودیە ڕازی بوبێت بەو بڕیارە یاخود، قبوڵی کردبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی سعودیە لەلای دەوڵەتانی ناوچەکە لاواز بێت. کەواتە بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا هەوڵەکانی سعودییەی بۆ تەحەددیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لاواز کرد.

*** ئێوە باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا بوون لە یەمەن، ئایا چۆن لە دۆخی ئەو وڵاتە دەڕوانن، بەتایبەتی دوای کوژرانی سەرۆکی پێشوو، عەلی عەبدوڵا ساڵح؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخی ئەو وڵاتە دژوارە، بەداخەوە تا ماوەیەکی دیکەش ناتوانین بەرەوپێشچوون بەدی بکەین لە هەنگاوهەڵگرتن بۆ گرتنەبەری چارەسەرێکی سیاسی لەو وڵاتەدا، هەروەها من باوەڕم وا نییە کە کوژرانی سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە کاریگەری

**سەرۆک ترەمپ سیاسەت و ستراتیژیەتێکی نوێی لە ئاست ئێراندا ڕاگەیاند، بەڵام تا ئێستا ئەمە لە چوارچێوە و لە خانەی گوتار دەرنەچووە و نەبۆتە سیاسەتێکی کرداری بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی دەستتێوەردانی ئێران لە بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە**

گەورەی هەبێت لەسەر هاوکێشە سەربازییەکە کە بۆ ماوەیەکە بە بنبەست گەیشتووە، واتە پێموانییە بە رادەیەکی گەورە هاوکێشەی هێز بگۆڕێت. کێشەکەش ئەوەیە حوسییەکان ئامادە نین دەست بدەنە گفتوگۆیەکی جددی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی. لەبەر ئەوە دەبێت فشاریان لەسەر دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئامادەبن بێنە سەر مێزی گفتوگۆ و رازی بن بە پلانێکی جددی بۆ راگرتنی شەڕەکە، هەر دەبێت ئەمەش رووبدات، بەڵام من دڵنیا نیم تا چەند ئەمە بە خێرایی روودەدات.

*** هەروەك ئاگادارن لە ساڵی ٢٠١٥دا سعودیە ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی یەکلاکەرەوەی لە ئاست یەمەندا راگەیاند، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەوەندەی گەردەلوولە، ئەوەندە یەکلاکەرەوە نییە، چۆن لەو هەوڵەکانی سعودیە لەم رووەوە دەڕوانن؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکلاکەرەوە نەبوو، ئەمەش جێی داخە. ئێمە دەزانین بڕیاری سعودیە دوای ئەوە هات کە حکومەتی سعودیە بۆ ماوەی شەش مانگ چاودێری ئاڵۆزبوونی رەوشی یەمەنی دەکرد، تا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بارودۆخی یەمەن هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکەی، بەڵام هەروەك وتم جێی داخە کاردانەوەکەی سعودیە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو کێشەی بۆ سعودیە و بۆ خودی یەمەنیش دروست کردووە. کە پێموایە پێویستە لەم رووەوە هاوکاری سعودیە بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێك بێتە ئاراوە کە ببێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی وڵاتی سعودیە و چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و ناوخۆیی یەمەنیش، چونکە ئەمە لە بنەڕەتدا شەڕێکە لە نێوخۆی یەمەندا، نەك شەڕێك بێت لە نێوان سعودیە و یەمەندا.

*** باشە بۆچی سعودیە نەیتوانی ئامانجەکانی لە دەستتێوەردانەکە بەدەست بهێنێت، ئایا هەڵەی حیسابات بوو، یان هەڵەی ئیدارەدانی دەستتێوەردانەکە؟**

- لە راستیدا دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە حوسییەکان ژێرخانێکی سەربازی بەرچاو و کەلوپەلی پێشکەوتوویان نییە، واتە ئەمە جۆرێك لە یاخیبوون و ناکۆکییە کە چارەسەرکردنیان زۆر زۆر زەحمەتە، ئەمە ئەزموونی ئەمریکاش بوو لە ئەفغانستان و عێراق. واتە لە کاتێکدا سعودیە توانایەکی سەربازی پێشکەوتووی هەیە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم توانایە لە دژی گرووپێکی وەك حوسییەکان بە مانای ئەوە نایەت کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەمە دژوار و قورسە.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- بە باوەڕی من باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئامادەیی و ئیرادەی ئەوەمان هەبێت لە رێی گفتوگۆوە کێشە و ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین، بەتایبەتی لە نێوان سعودیە و ئێراندا، واتە ئەگەرچی لە ئێستادا ئەو دوو وڵاتە لە پێگەی رووبەڕووبوونەوەی یەکتردان، بەڵام لەم چەند مانگەی دواییدا بینیمان دەکرێت کار لەسەر هەندێ پرس بکرێت، بۆ نموونە توانرا کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئێرانییەکان بتوانن حەج بکەن، واتە ئەمە هەوڵێکی سەرکەوتوو بوو. هەروەها نموونەی دیکەش هەن کە ئێران و سعودیە توانیویانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە جیاوازی و ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن و هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن، لەبەر ئەوە ئومێدەکە ئەوەیە جارێکی دیکە بتوانن بەم شێوەیە کار بکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی هێورکردنەوە و خاوکردنەوەی ئەو بارگرژییەی لە ناوچەکەدا هاتۆتەئاراوە. ئەمە باشترین دەرئەنجامە کە بێتەئاراوە. خراپترین دەرئەنجامیش ئەوەیە کە ناکۆکییەکی گشتی لە ناوچەکە هەڵبگیرسێت کە سعودیە و ئێرانیش بگرێتەوە، یاخود لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵا، یان لە نێوان ئەمریکا و ئێران، کە هەموو ئەمانە کاولکارییەکی گەورە بەدوای خۆیاندا دەهێنن و ژمارەیەکی زۆری قوربانیشیان لێدەکەوێتەوە.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئێوە گەشبینن؟**

- لە راستیدا مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە پێشتر بینیومانە وڵاتانی ناوچەکە پەنایان بردۆتەبەر چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان کاتێك بینیویانە کە کارکردن و هەنگاوهەڵگرتن بەو ئاراستەیەدا لە بەرژەوەندی ئەواندایە، کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە جارێکی دیکە بتوانن ئەم کارە بکەنەوە، لەبەر ئەوە بەڵێ، من گەشبینم.

**یەکێك لە ئامانجەکانی رێککەوتنە ناوکییەکە لەگەڵ ئێراندا ئەوە بوو کە ئەگەر بێتو ئێران رازی بێت بە راگرتنی بەرنامەی دروستکردنی چەکی ناوکی، ئەو کات پتر بایەخ بە پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکەی دەدات و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەمتر دەستێوەردان لە بارودۆخی دەوڵەتە دراوسێکانی بکات، بەڵام بە داخەوە ئێمە ئاماژەی هاتنەدی ئەم دەرئەنجامە بەدی ناکەین**



**جەیمس لێبۆڤیج**

**تایبەتمەند لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# لە ئێستادا ئەمریکا ئامادەییەکی زیاتری هەیە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی ئێران

**جەیمس لێبۆڤیچ پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و، ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی وەك تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ناکۆکیی نێودەوڵەتییە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ، بەتایبەتی سیاسەتی ئەو ئیدارەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

**کاتێک داعش چیتر وەک بەشێکی هاوکێشەکە نامێنێتەوە، ئەوا ئەو زەمینە هاوبەشەی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ئارادا نامێنێت**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تێڕوانینت لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بەگشتی و سیاسەتی ئەو ئیدارەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی چییە؟**

- لە ڕاستیدا من ناتوانم بۆچوون و تێڕوانینێکی ئیجابیم هەبێت لە ئاست سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپدا، چونکە لە ڕوانگەی منەوە چەند کەموکوڕییەك هەیە، بۆ نموونە ئاراستەیەکی ڕوون لە سیاسەتی دەرەوەدا بەدی ناکەین، هەروەها ئەم ئیدارەیە یەك گوتار و یەکدەنگ نییە، مەبەستم ئەوەیە ئێمە ناتوانین ئەوە یەکلا بکەینەوە کە کێ گوزارشت لە تێڕوانین و سیاسەتی ڕەسمیی کۆشکی سپی دەکات، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین سیاسەتێکە لە یەك کاتدا بە چەند ئاراستەیەکدا دەڕوات. ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئاشکرایە کە چەند ڕەهەندێکی سەرەکی بەدی دەکرێن کە دەتوانین بڵێین درێژەدانن بە سیاسەتەکانی ئیدارەی پێشوو، واتە ئیدارەی باراك ئۆباما. بەڵام لە چەند ڕوویەکیشەوە جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پتر دوژمنکارە بەرامبەر ئێران، هەروەها پتر ئامادەیە بۆ هاوپەیمانی دروستکردن لەگەڵ وڵاتە سوننەکانی ناوچەکەدا بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش لە ئاست ئێراندا. بە هەمان شێوە مەیلی ئەم ئیدارەیە -هەرچەندە من لەم ڕووەوە ڕەشبینم- بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێراندا. چونکە ئێمە دەزانین لە ئێستادا ئێران بۆتە تەحەددییەك، بە تایبەت لەم دواییەدا کە بینیمان تەقەمەنی و تەنانەت ڕۆکێتیشی بۆ یاخیبووانی یەمەن و حوسییەکان دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی لە دژی عەرەبستانی سعودیە بەکار بهێنرێت. هەروەها ئەگەر باس لە کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیلیش بکەین، ئەوا دەبینین کە دوای ناساندنی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل ئاستی بارگرژی و ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکەدا بەرەو هەڵکشان چووە، ئەگەرچی هێشتا دیار نییە چ کاتێك باڵیۆزی ئەمریکا دەگوازرێتەوە بۆ ئەو شارە. هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن کە ئەگەر نەشکرێت بڵێین دابڕان هەیە لە سیاسەتی پێشوو، بەڵام ئەوەی هەیە گرتنەبەری چەند ڕێکار و بڕیارێکن کە گرنگی و بەهایەکی ڕەمزییان هەیە، کە بوونەتە هۆی هەڵکشانی گرژییەکان لە ناوچەکەدا و زیادبوونی ئاستی نائومێدی و تووڕەیی لە بەرامبەر ئەمریکادا. ئەگەرچی دەبێت لێرەدا ئاماژە بە جیاوازییەکی دیکە بکەین بە بەراورد بە ئیدارەی پێشوو، ئەویش ئەوەیە لەخۆگرتنی هەندێ لە سەرکردە خۆسەپێنەکانی ناوچەکەیە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە، بۆ نموونە ئەردۆغان لە تورکیا، ئەل سیسی لە میسر، ڕاستە ڕەنگە

ئیدارەی ترەمپ هەڵنەستابێت بە زیاکردنی هاوکارییە سەربازییەکان و یارمەتی لە بوارەکانی دیکەدا، تەنانەت لە حالەتی یەمەندا هەندێ لە هاوکارییە داراییەکانیشی راگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەنگاوی رەمزی هەڵگرتووە کە قبووڵکردن و پەسەندکردنی ئەو رژێمە خۆسەپێنانەی لێدەخوێنرێتەوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ کە لەم وڵاتانەدا دەکرێت و هیچ ئیرادە و ئامادەییەکی پیشان نەداوە بۆ ئەوەی رووبەڕووی بەرپرسیارێتیان بکاتەوە لە ئاست ئەو کردەوانەدا.

*** باشە ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەمریکا بە نیازی دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی سوننە و ئیسرائیلدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتوایە دوای تەواوبوونی شەڕی دژ بە داعش ئەمریکا بە جددی هەڵ و کۆششەکانی بخاتەگەڕ بۆ دروستکردنی ئەم بەرەیە و پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەو مەبەستە؟**

- سەرەتا دەمەوێت باس لەوە بکەم کە رۆڵی ئێران لە شەڕی دژ بە داعشدا- بە تایبەتی لە سووریا- بەرژەوەندیی ناکۆك بە یەکی لەگەڵ ئەمریکادا دروست کردووە، چونکە ئەمریکا بەردەوام بەرهەڵستی مانەوە و درێژەکێشانی رژێمی ئەسەدی کردووە و بە دڵنیاییەوە نیگەران بووە لە ئاست بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە ناوچەی شام و لە سووریا و لە رێی حزبوڵاوە لە لوبنان، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بەو شێوەیە لە دۆخەکە بڕوانێت کە ئێران جێ پێیەکی تۆکمە لە ناوچەکەدا بەدەست دەهێنێت، نەك هەر لە ناوچەی شام، بگرە لە ناوچەی کەنداو لە یەمەن و شوێنەکانی دیکە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەمریکا چاوپۆشی لە رۆڵی رووسیا و ئێران کردووە، بەهۆی رۆڵی ئەو دوو وڵاتە لە شەڕی دژ بە داعشدا هەیان بوو. بەڵام کاتێك داعش چیتر وەك بەشێکی هاوکێشەکە نامێنێتەوە، ئەوا ئەو زەمینە هاوبەشەی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ئارادا نامێنێت. هەروەها بەهۆی ئەوەی ئێران وەك هەڕەشەیەکی سەربازی لێکدەدرێتەوە نەك لەسەر وڵاتانی ناوچەکە، بگرە لەسەر خودی ئەمریکاش، لە هەمان کاتدا بە رەچاوکردنی ئەوەی ئیدارەی ترەمپ هاوڕا نییە لەگەڵ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، ئەوا هەموو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی بڵێین لە روانگەی ئەمریکاوە زەمینەی بەرهەڵستیکردنی ئێران زیاترە نەك هاوکاریکردن لەگەڵیدا.

*** بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین کە ئێران سەرکەوتوو و براوەی بارودۆخی سووریا بووە؟**

- لە راستیدا رەنگە نەتوانین هیچ لایەنێکی تێوەگلاوی دۆخی سووریا بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدەین، ئیدی مەبەستمان رووسیا بێت، یان ئەمریکا، یاخود ئێران و رژێمی ئەسەد، چونکە دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، هەروەها چەندین لایەن هەن کە بەشێکی خاکی وڵاتەکەیان لەژێر دەستدایە و ئەو لایەنانەش بەرژەوەندیی ناکۆك بە یەکیان هەیە، ئیدی تورکیا و کوردی ئەو وڵاتە بێت، یان رژێمی ئەسەد. بەڵام دەکرێت لەوەدا هاوڕابم کە لە ئێستادا ئێران لە پێگەیەکی بەهێزتردایە.

*** پێشبینیەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

لە راستیدا باشترین بارودۆخ کە بتوانین پێشبینی بکەین ئەوەیە هەلومەرجەکە لەمەی ئێستا هەیە خراپتر نەبێت. لەلایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوە لەئارادایە کە ئەگەر بێتو ئیدارەی ئەمریکا رایبگەیەنێت کە ئێران پابەند نییە بە رێککەوتنە ناوکییەکەوە، ئایا ئەمە چ ئاکام و دەرهاویشتەیەکی لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەری ئەوەش دەکرێت ئەو کاتە ئێرانیش چالاکییە ناوکییەکانی زیاتر بکات، کە ئەمەش پێشێلکردنی رێککەوتنە ناوکییەکە دەبێت، ئەو کاتەش پرسیارەکە ئەوە دەبێت: ئایا ئەمریکا چ کاردانەوەیەکی سەربازی دەبێت؟ هەروەها پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ کردەوەیەکی سەربازی لە هیچ یەکێك لەو دوو لایەنەوە ئەنجام دەدرێت کە ببێتە هۆی هەڵکشانی ناکۆکییەکە؟ بە کورتی من ئومێد دەکەم کە توندوتیژی بەرەو هەڵکشان نەچێت لەم ناوچەیەدا، ئەگەرچی من وەك کەسێك کە بۆ چەندین ساڵە چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم، ئەوەم بەدی کردووە کە دەکرێت بە رەوتێکی خێرا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت.

**بەهۆی ئەوەی ئێران وەک هەڕەشەیەکی سەربازی لێکدەدرێتەوە نەک لەسەر وڵاتانی ناوچەکە، بگرە لەسەر خودی ئەمریکاش، هەروەها بە رەچاوکردنی ئەوەی ئیدارەی ترەمپ هاوڕا نییە لەگەڵ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی بڵێین: لە روانگەی ئەمریکاوە زەمینەی بەرهەڵستیکردنی ئێران زیاترە نەک هاوکاریکردن لەگەڵیدا**

**لە ئێستادا ئێران بۆتە تەحەددییەک، بە تایبەت لەم دواییدا کە بینیمان تەقەمەنی و تەنانەت رۆکێتیشی بۆ یاخیبووانی یەمەن و حوسییەکان دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی لە دژی عەرەبستانی سعودیە بەکار بهێنرێت**

**وەک کەسێک کە بۆ چەندین ساڵە چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم، ئەوەم بەدی کردووە کە دەکرێت بە رەوتێکی خێرا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت**



**مارک کاتز**

**تایبەتمەندی کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# مەترسییەکە ئەوەیە هەندێ لە سەرکردەکانی ناوچەکە سەرکێشی بکەن و دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت

# رووسیا بۆ هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەلماندوویەتی کە لە ئەمریکا زیاتر جێگەی متمانەیە

**مارك كاتز پرۆفیسۆری بەشی سیاسەت و حکومەتە لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن، شارەزا و تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵی رووسیایە لەم ناوچەیەدا، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دۆخی ئێستای ناوچەکە و چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ئەو رووداوانەی هاتوونەتەئاراوە و ئایندەی ئەم ناوچەیە، گولان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستا ناوچەکە دەڕوانیت، بەتایبەتی دوای ئەو پەرەسەندن و پێشهاتە خێرایانەی بەم دواییە هاتنەئاراوە؟**

- ئاشکرایە کە نیگەرانییەکی زۆر لەئارادایە لەبارەی هەڵکشانی بارگرژی و ناکۆکییەکانەوە، وەك زیادبوونی بارگرژی لە نێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵکشانی ناکۆکیی نێوان سعودیە و ئێران.

*** پێشبینی ئەوە دەکەیت کە ناکۆکییەکان بە چەشنێك پەرە بستێنن کە سەربکێشن بۆ رووبەڕووبوونەوە، یان پێکدادانێکی راستەوخۆی نێوان سعودیە و ئێران، یاخود ئەمە بە ئەگەرێکی دوور و ناواقیعی دەزانن؟**

- ئەمە رێی تێدەچێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەمە چۆن روودەدات، چونکە ئەگەر تۆ لە وڵاتی سعودیە بڕوانیت، ئەوا دەبینیت لە پێگەیەکی بەهێزدا نییە بۆ ئەوەی کار لە دژی ئێران بکات. من پێموایە ئەوەی سعودیە ئاواتەخوازێتی ئەوەیە کە لە ساتەوەختی روودانی شەڕ و ناکۆکیدا ئەمریکا لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی دەستێوەردان بکات، بەڵام بە باوەڕی من رەنگە ترەمپ —هەرچەندە دژ بە ئێران بێت- ئامادە نەبێت کارێکی لەم چەشنە بکات.

*** واتە پێتوایە سعودیە دوچاری هەڵەی حیسابات دەبێت کاتێك پێیوایە لە هەر هەڵکشانێکی بارگرژی و ئاڵۆزیدا دەتوانێت پشت بە ئەمریکا ببەستێت؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشەکەیە، چونکە ئێمە دەتوانین ئەمە بشوبهێنین بە بیرکردنەوەی نەمسا و سربیا و هەنگاریا لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کە هەردوو وڵاتی نەمسا و هەنگاریا بەتایبەتی کردەوەیەکی توندتریان ئەنجام دەدا، لەبەر ئەوەی پێیانوابوو هێزە مەزنەکان پشتیوانیان لێدەکەن، بەڵام ئێمە دەزانین دواتر چی روویدا و چ دەرئەنجامێکی مەترسیدار هاتەئاراوە. ئێستاش ئێمە دەبینین کە شازادەی جێنشین، محەمەد بن سەلمان، بە شێوەیەکی توند رەفتار دەکات لە یەمەن و لە قەتەردا، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو هێندەی سەرکردەکانی بەساڵاچووەکانی سعودیە بە حەزەرەوە هەنگاو هەڵناگرێت.

*** باشە ئێوە باستان لەوە کرد کە لە حاڵەتی روودانی شەڕ و ناکۆکی راستەوخۆی نێوان سعودیە و ئێران رەنگە ترەمپ ئامادە نەبێت لە بەرژەوەندیی سعودیە دەستێوەردان بکات، بەڵام ئێمە دەزانین بەم دواییە ئیدارەی ترەمپ ستراتیژیەتێکی نوێی دژی ئێران راگەیاندووە، ئایا چاوەڕوان ناکەن ئەمریکا هەنگاوی کرداری و توندتر دژی ئێران بگرێتەبەر؟**

- پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا ئەو ستراتیژیەتە

**ترەمپ کەسێک نییە خوازیاری خۆتێوەگلان بێت لە شەڕێکی درێژخایەنەوە، بۆ نموونە کاتێک چەکی کیمیایی لە سووریا بەکارهات، ئەوا چەند موشەکێکی ئاراستەی ئەو وڵاتە کردو رێککاری دیکەی نەگرتەبەر، واتە ترەمپ کاردانەوەیەکی عاتیفییانەی هەبوو، بە بێ ئەوەی ئەمە هەوڵ و کۆششێکی درێژخایەنی بە دوادا بێت**

چییە؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوان رایانگەیاندووە کە دەیانەوێت رێکاری توندتر بگرنەبەر، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی چۆن ئەم ستراتیژییەتە جێبەجێ دەکەن، چونکە من لەسەر ئەرزی واقیع ئەمە بەدی ناکەم. هەروەها ئەوەی تا ئێستا ئەمریکا ئەنجامی داوە، بریتییە لە سەپاندنی سزای زیاتر، بەڵام ئێران زۆر بە ئاسانی خۆی لەگەڵ ئەو سزایانەدا گونجاندووە. بە هەمان شێوە ئەمریکا دوچاری دژواری بۆتەوە لە هەوڵەکانیدا بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران، چونکە زۆربەی بەشەکانی دیکەی جیهان ئامادەن کار لەگەڵ ئێراندا بکەن، ئەگەرچی هاوڕاش نەبن لەگەڵیدا. هەروەها ئەو وڵاتانەی دیکە نایانەوێت هەڵوێستێکی دژومنکارانە لە ئاست ئێراندا بگرنەبەر، تەنیا لەبەر ئەوەی ترەمپ خوازیاری کارێکی لەم چەشنەیە.

**ئەمریکا و رووسیا بە تەنیا ناتوانن دۆخی سووریا چارەسەر بکەن، بەڵکو چارەسەرکردنی دۆخەکە پێویستی بە بەشداری چەند کاراکتەرێک هەیە**

*** کەواتە پێتوایە جگە لە کاردانەوەیەکی راستەوخۆی سەربازی لە دژی ئێران، ئەمریکا ناتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو ئێران ناچار بکات هەڵوێست و سیاسەتەکانی بگۆڕێت؟**

- ئەمریکا لە رابردوودا ئەم کارەی نەکردووەو پێناچێت لە داهاتووشدا پەنا بۆ کارێکی لەم چەشنە ببات، هەروەها ناکرێت ئەم کارە تەنیا لە رێی گرتنەبەری سیاسەتی هێرشی سەربازییەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما ئەوە بوو کە دەبێت شتێك هەبێت ئێران ترسی ئەوەی هەبێت لە دەستی بدات بۆ ئەوەی بتوانیت ناچاری بکەن رەفتارەکانی بگۆڕێت. بەڵام ئەمە بۆچوونێك نییە کە ئیدارەی ترەمپ لەگەڵیدا هاوڕا بێت.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندیی ئێراندایە، ئایا پێتوایە تا چەند ئێران دەتوانێت درێژە بەم باڵادەستییە بدات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێران پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ پێکهاتەی شیعەی هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە، وەك عێراق و سووریا و عەلەوییەکانی سووریا، بەڵام پەیوەندییەکی باش، یان دەستڕۆیشتوویی نییە لە نێو سوننەکاندا، هەمان شت لە پەیوەندی بە کوردیشەوە راستە. لەبەر ئەوە هەندێ فاکتەری سروشتی هەن کە دەبنە بەربەست لەوەی ئێران ئەوەندە بەهێز بێت.

**ئێران پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ پێکهاتەی شیعەی هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە، وەک عێراق و سووریا و عەلەوییەکانی سووریا، بەڵام پەیوەندییەکی باش، یان دەستڕۆیشتوویی نییە لە نێو سوننەکاندا، هەمان شت لە پەیوەندی بە کوردیشەوە راستە**

مەبەستم ئەوەیە ئێران هەندێ هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا بەدەستهێناوە، بەڵام من پێموانییە بتوانێت کاری زیاتر بکات لەو رووەوە، واتە نابینم کە پێکهاتە و لایەنەکانی دیکە رووبکەنە ئێران و بچنە سەنگەری ئێران. واتە راستە ئێران لە پێگەیەکی بەهێزدایە، بەڵام باوەڕم وایە هەل و مەرجی ناوچەکە —نەك تەنیا هەوڵ و هەڵوێستەکانی ئەمریکا- بوونەتە رێگر لەوەی ئێران دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی زیاتر بەسەر ناوچەکەدا بەدەست بهێنێت.

*** بەڵام بەلای کەمەوە دەتوانین بڵێین ئێران براوەی بارودۆخی هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقە، چونکە ئێران رۆڵێکی کارا و بگرە یەکلاکەرەوەی بینی لە رزگارکردنی رژێمی ئەسەددا، هەروەها لە عێراقیشدا توانیویەتی رۆبچێتە نێو جومگەکانی دەوڵەتی عێراقییەوە؟**

- ئەمە راستە و ئێران توانیویەتی ئەم کارە بکات، بەڵام ئەوەی هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئێران ئەم پێگەیە بەدەست بهێنێت، ئەوەیە کە ئەو گرووپ و لایەنانەی نوێنەرایەتی بەرەی رکابەریان کردووە، گروپگەلی سوننەی جیهادی بوون، کە نەك تەنیا ترس و نیگەرانییان لای شیعە و کورد دروست کردووە، بەڵکو لای خودی سوننەکانیش بەدیلێکی قبووڵکراو نەبوون. ئەوەی پەیوەندی بە رزگاربوونی ئەسەدەوە هەبێت، ئەوا ئەمە راستە، بەڵام پاراستن و درێژەپێدانی حوکمڕانیی عەلەوی پێویستی بە هەوڵ و کۆششی دژوار هەیە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بتوانێت سوننەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوان ئامادەن، یان دەیانەوێت کارێکی لەم چەشنە بکەن؟ چونکە تا ئێستا پێناچێت نە ئەسەد و نە حزبوڵا و نە ئێران بتوانن ئەم کارە بکەن. تاکە لایەنێك کە پێدەچێت بیەوێت هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگرێت، رووسیایە، بەڵام من پێموایە موبالەغە دەکرێت لەبارەی رۆڵی رووسیاوە.

*** لە کۆتایی وەڵامەکەتدا ئاماژەت بە رووسیا و رۆڵی ئەو وڵاتە کرد، بەڵام ئایا پێتوانییە رووسیا توانیبێتی بوون و پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە سووریادا بچەسپێنێت و پێگەی خۆی لەو وڵاتەدا بەهێز بکات؟**

- راستە رووسیا ئەم کارەی کردووە، بەڵام ئەمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە ئەمریکا بایەخی بە دۆخی سووریا نەداوە- بە چاوپۆشین لەوەی خۆی چی رادەگەیەنێت-، هەروەها رووسیا سوودی لەو واقیعە وەرگرتووە کە ئێران و حزبوڵا زۆربەی کارەکانیان ئەنجامداوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم راستە رووسیا هێزی ئاسمانی بەکار هێناوە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع و لە گۆڕەپانەدا شەڕی کردبێت، حزبوڵا و ئێرانییەکان بوون. کەواتە ئەگەر ئەو دوو هۆکارە نەبووناية، ئەوا رووسیا نەیدەتوانی هێندەی ئێستا دەستڕۆیشتوو بێت، هەر لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین تاوەکو ئەو دوو هۆکارە بە جێگیری بمێننەوە، ئەوا رووسیاش دەتوانێت پارێزگاری لەم دەستڕۆیشتوویيەی خۆی بکات، چونکە رووسیا زیاتر سوودی لەم دوو هۆکارە (مانەوەی ئێران لە سووریا و بایەخنەدانی ئەمریکا بە سووریا) وەرگرتووە، نەك ئەوەی خۆی بێت و راستەوخۆ کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات.

*** ئەی چۆن رۆڵی رووسیا هەڵدەسەنگێنیت لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە؟ ئایا پێتوایە رووسیا دەتوانێت رۆڵێکی کارا ببینێت لەم رووەوە؟**

- لە راستیدا رووسیا ئەوەی بۆ وڵاتە خۆسەپێنەکانی ناوچەکە خستۆتەڕوو کە وڵاتەکەی هاوپەیمانێتی متمانەپێکراوترە لە ئەمریکا، واتە رووسیا فشار دروست ناکات بۆ کرانەوەی دیموکراسی و هەنگاوی هاوچەشنی دیکە. هەروەها وڵاتانی ناوچەکەش کاتێك دەبینن رکابەرەکانیان پەیوەندی باشیان لەگەڵ رووسیادا هەیە، ئەوا ئەوانیش بە پێویستی دەزانن پەیوەندییەکی باش لەگەڵ رووسیادا دروست بکەن، هەروەها هەندێ جار ئامانجیان لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رووسیادا بۆ ئەوەیە ئەمریکا بایەخێکی زیاتریان پێبدات، چونکە دەزانن زۆربەی ئەمریکییەکان رووسیا بە رکابەر دەزانن. هەرچۆنێك بێت، ناکرێت لایەنێك تەنیا پشت بە رووسیا ببەستێت، چونکە تۆ دەبینیت کاتێك رووسیا چەك بە وڵاتێك دەفرۆشێت، ئەوا لە هەمان کاتدا چەك بە وڵاتە رکابەرەکەی دەفرۆشێت. لەبەر ئەوە پێموایە ناکرێت کەس بە تەنیا پشت بە رووسیا ببەستێت.

*** بەڵام لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە، ئایا بە بێ رێککەوتنی نێوان رووسیا و ئەمریکا هەلومەرجی ئەو وڵاتە ئاسایی دەبێتەوە؟**

- لە راستیدا من پێموایە رەنگە ئێران و تورکیا دەستڕۆیشتوویی زیاتریان هەبێت لە سووریادا بە بەراورد بە رووسیا، من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەمریکا و رووسیا بە تەنیا ناتوانن دۆخی سووریا چارەسەر بکەن، بەڵکو چارەسەرکردنی دۆخەکە پێویستی بە بەشداریی چەند کاراکتەرێك هەیە.

*** ئایا پێتوایە رەوتی رووداوەکان ئایندەی ئەم ناوچەیە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەبەن؟**

- لە راستیدا ئەگەر پەرەسەندنێکی ئیجابی هەبێت ئەوەیە کە لە ئێستادا داعش کەمتر بەهێزە بە بەراورد بە رابردوو، بەڵام ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆتەهۆی زەقکردنەوەی ناکۆکیی نێوان ئێران و لایەنەکانی دیکە، لەلایەکی دیکەوە سعودیە و ئیسرائیلیش کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئیدارەی ترەمپ کارێك ئەنجام بدات لەم رووەوە، بەڵام ترەمپ کەسێك نییە خوازیاری خۆتێوەگلان بێت لە شەڕێکی درێژخایەنەوە، بۆ نموونە کاتێك چەکی کیمیایی لە سووریا بەکارهات، ئەوا چەند موشەکێکی ئاراستەی ئەو وڵاتە کردو رێککاری دیکەی نەگرتەبەر، واتە ترەمپ کاردانەوەیەکی عاتیفییانەی هەبوو، بە بێ ئەوەی ئەمە هەوڵ و کۆششێکی درێژخایەنی بە دوادا بێت. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەوەی لە ئێستادا مایەی نیگەرانی زیاترە، ئەوەیە کە لە نێو خودی وڵاتاندا روودەدات، نەك لە نێوان دوو دەوڵەت، یان زیاتردا، ئێوە لەو هەوڵانە بڕوانن کە لە نێوخۆی سعودیەدا دەدرێت، هەروەها ئەو شەڕەی لە یەمەن دەگوزەرێت. نیگەرانییەکی دیکە ئەوەیە کە سەرکردەکان لە تورکیا، یان سعودیە بە حەزەرەوە هەنگاوهەڵنەگرن، بەڵکو سەرکێشی بکەن، واتە مەترسییەکە ئەوەیە سەرکردەکان بڕیاری نادروست بدەن و لە دەرئەنجامدا دۆخەکەش لە کۆنترۆڵ دەربچێت، هەروەك ئەوەی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا روویدا.

**ئەوەی تا ئێستا ئەمریکا ئەنجامی داوە، بریتییە لە سەپاندنی سزای زیاتر، بەڵام ئێران زۆر بە ئاسانی خۆی لەگەڵ ئەو سزایانەدا گونجاندووە. بە هەمان شێوە ئەمریکا دوچاری دژواری بۆتەوە لە هەوڵەکانیدا بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران**

**ئەوەی سعودیە ئاواتەخوازێتی ئەوەیە کە لە ساتەوەختی رووودانی شەڕ و ناکۆکیدا ئەمریکا لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەی دەستێوەردان بکات، بەڵام بە باوەڕی من رەنگە ترەمپ —هەرچەندە دژ بە ئێران بێت- ئامادە نەبێت کارێکی لەم چەشنە بکات**



## حاکم ئەحمەد ئەنوەر

سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# جگە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستە ستراتیژیەتی خۆپارێزی لە گەندەڵیش کارا بکرێت

## گەندەڵی دەبێتە مایەی هەڵتەکاندنی دامەزراوەکان و لە ناوبردنی متمانەی نێوان گەل و دەسەڵات

ئاشکرایە کە شەڕی گەندەڵی شەڕێکی سەخت و دژوارە، بەڵام هەر دەبێت بکرێت و سەرکەوتنیش تێدا بەدەست بهێنرێت، چونکە شکستهێنان، یاخود تەنانەت کەمتەرخەمی لە ئەداکردنی ئەم ئەرکەدا، دەرئەنجام و دەرهاویشتەی سلبی لێدەکەوێتەوە کە هەموان باجەکەی دەدەن. هەر لەم روانگەیەوەیە لە کوردستاندا دەستەی دەستپاکی دامەزراوە. گوڵان لە چوارچێوەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی پەیوەست بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئاستەنگەکانی بەردەم دژایەتیکردنی گەندەڵی و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکەی لەگەڵحاکم ئەحمەد ئەنوەر ئەم دەستەیە تاوتوێ کرد، کە لێرەدا پوختەکەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** ماوەی نزیکەی دووساڵە کار لەسەر دۆسیەکانی گەندەڵی لە کوردستاندا دەکەن، ئایا ئەو کەرتانەی گومانی گەندەڵییان لەسەر بووە و لێکۆڵینەوەتان لەسەر کردوون، بە زۆری چین و تا ئێستا چەند دۆسێی گەندەڵی رووبەڕووی دادگاکانی کوردستان کراونەتەوە؟**

- لە راستیدا ئێمە کەیسەکانمان دەستنیشان کردووەو لەکۆتایی ئەمساڵ لە راپۆرتێکدا بڵاوی دەکەینەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمساڵ کەیسی گەندەڵی بەپلەی یەکەم لەبواری داراییدایە، ئەویش بەهۆی کێشەی بانکەکانەوە بووە، کە سکاڵا و کێشەی زۆریان لەسەرە و لەم کەرتەدا (٢٠تا٢٢)کەیسی لێ جیاکراوەتەوە، ئاشکراشە کە ئەو کەرتانەی کە خزمەتگوزارین و داهاتیان تێدا خەرج دەکرێت، زۆرترین تەرکیزیان لەسەرە، هەر بۆ نموونە کەرتی نەوتیش یەکێکە لەو کەرتانەی کە تەرکیزی زۆری لەسەر بوو، بەڵام ئێستا سکاڵای لەسەر کەمتر بۆتەوە، ئێمە وەکو دەستەی دەستپاکی بەپێی مەبدەئی سکاڵاکان هەڵسوکەوتمان کردووە، نەوەك خۆمان ئەو کەرتانەمان هەڵبژاردبێت، بە شێوەیەکی گشتی ئێمە پشتمان بەستووە بەو داتاو سکاڵایانەی کە لەلای خۆمان هەیە و ئەو زانیاری و سکاڵایانەی لەلامان هەیە، زیاتر ئەو کەرتانەن کە حکومەت خزمەتگوزاری تێدا پێشکەش بەخەڵك دەکات، چونکە گومان دەکرێت گەندەڵی زیاتر لەم بوارانەدا کرابێت، ئەگەرچی ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە گەندەڵی لەکەرتەکانی دیکە نییە، بۆی هەیە زۆر کەیسی گەندەڵیی تر هەبێت، بەڵام لەلای ئێمە داتا و زانیاری لەسەر نەبێت.

*** تا چ رادەیەك بەرەوپێشچوون لە پرۆسەی دادگاییکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسانەدا روویداوە کە ئێوە دەستنیشانتان کردوون؟**

- ئەو کەیسی گەندەڵییانەی لەبەردەستەو کارمان لەسەر کردوون لە ماوەی رابردوودا، ئەوەیە کە (١٢٣) کەیسمان لەقۆناغی دادگاییکردن بووەو ٣٦تا ٣٧ لەم کەیسانە یەکلایی کراونەتەوە و لەم کەیسانەشدا (١٨)کەیسی خەڵکی لەسەر حوکم دراوە و ئێستا (٥٧) کەیس لە دادگا ماوە و هیواداریـن لە ساڵی داهاتوودا ئەوانەش یەکلابکەینەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو کەسانەش کەسانی نێو حکومەتن، چونکە کاری سەرەکی دەستەی دەستپاکی لەسەر کەرتی گشتییە (حکوومی).

*** هەروەك ئاشکرایە تەنیا بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دوای روودانی بەس نییە بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە، بەڵکو پێویستە رێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ رێگەگرتن لە روودانی، ئایا لە کوردستاندا هیچ هەنگاوێك بەم ئاراستەیەدا هەڵگیراوە؟**

- ئەمە خاڵێکی گرنگە و ئەوەی ئێستا وڵاتان کاری لەسەر دەکەن خۆپارێزییە لە گەندەڵی کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئەو لایەنە لەلای ئێمە ئیشی لەسەر نەکراوە، بۆیە لەپێناو ئەوەدا لەساڵانی رابردوو کارمان لەسەر ئامادەکردنی ستراتیژیەتێك کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئەمساڵ ئەنجومەنی وەزیران دەنگی لەسەر ئەم ستراتیژیەتەدا و لە وەقائیعی کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە. لەم ستراتیژییەدا کۆمەڵێك رێکاری خۆپارێزی تێدایە، بۆ نموونە، باشترکردنی کاروباری کارگێڕی و چەسپاندنی شەفافییەت لەهەموو کەرتەکان و باشتر بەدەستگەیشتنی زانیارییەکان بەدەستی رۆژنامەنووسان و هاووڵاتیان و.. تاد، چونکە چەند شەفافییەت زیاتر بێت، ژینگەی گەشەکردنی گەندەڵی لاواز دەبێت. بۆیە باشترین کار کە حکومەت کاری لەسەر بکات، نەهێشتنی رۆتین و ئاسانکارییە بۆ راییکردنی کارەکان، کە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی باش هەم بۆ چالاککردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، هەم بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی. بۆ نموونە کەرتێکی گرنگ کە وڵاتان کاری لەسەر دەکەن، گرێبەستە حکوومییەکانە، کە بۆ ئەو مەبەستە وڵاتان سەنتەرێکی نیشتمانییان دامەزراندووە و هەر گرێبەستێکی حکوومی لەهەر کەرتێك بێت، لە رێگای ئەو سەنتەرەوە بە ئەلکترۆنی کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام لەلای خۆمان ئەم سەنتەرە تائێستا نییە، هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی نەبوونی بودجەو قەیرانی دارایی هیچ پڕۆژەو باڵەخانەیەکی گەورە لە کوردستان دروست نەکراوە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان کاری باشی لەسەر گرێبەستە گشتییەکان کردووە و لەهەوڵدانە بۆ ئەوەی لەچەند ساڵی داهاتوو ئەم پڕۆسەیە بە ئەلکترۆنی بکرێت، بۆیە خۆپارێزی لە گەندەڵی و باشکردنی دامودەزگاکانی حکوومی خاڵێکی گرنگەو هاوکارییەکی باشیشە بۆ دەزگا چاودێرییەکانی وەکو دەستەی دەستپاکی و چاودێری دارایی، هاوکات کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی دەبێت.

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو خەڵکانەی باسیان دەکرێت و گەندەڵییان کردووە، زیاتر لە**

**وەکو دەستەی دەستپاکی هیچ کەیسێکمان خاوەنەکەی لە هەر پلەو پایەیەکدا بووبێت دوانەخستووە و هەر کەیسێک لەلای ئێمە تۆمارکرابێت و زانیاری لەسەر هەبێت، ئەوا کاری لەسەر دەکەین**

**ئەم بارودۆخەی کوردستان بارودۆخێکی نموونەیی نییە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، چونکە لەکوردستان یاسا ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێت هەموو کەسێک لەم وڵاتەدا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت**

**ئەوەی ئێستا وڵاتان کاری لەسەر دەکەن خۆپارێزییە لە گەندەڵی کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئەو لایەنە لەلای ئێمە ئیشی لەسەر نەکراوە**

**ئەو کەیسی گەندەڵییانەی لەبەردەستەو لە ماوەی رابردوودا کارمان لەسەر کردوون، ١٢٣ کەیسیان لەقۆناغی دادگاییکردن بووەو ٣٦تا ٣٧ لەم کەیسانە یەکلایی کراونەتەوە و لەم کەیسانەش ١٨ کەیسی خەڵکی لەسەر حوکم دراوە و ئێستا ٥٧ کەیس لە دادگا ماوە و هیوادارین لە ساڵی داهاتوودا ئەوانەش یەکلابکەینەوە**

**له ڕێی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ کۆنسلەکانی ئەو وڵاتانەی لە هەرێمن کۆبوونەوەمان کردووە و داوای یارمەتی و هاوکاریمان لێکردوون، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە**

**تیرۆر ڕاستەوخۆ مرۆڤەکان دەکوژێ، بەڵام گەندەڵی لەسەرخۆ و هەنگاو بەهەنگاو هەموو دامودەزگاکانی گشتی هەڵدەتەکێنێت و متمانەی تەواو لەنێوان حکومەت و خەڵک نامێنێت و وادەکات هاووڵاتی لەبری ئەوەی حکومەت بەهی خۆی بزانێت، ئەوا بە بە پێچەوانەوە، بەچاوی دوژمن و نەیار سەیری دەکات**

**هەر کارێک بۆ ڕێگەگرتن و دژی گەندەڵی بکرێت، کاریگەری لەسەر باشبوونی کەرتی گشتی دەبێت و گەندەڵی گەورەو بچووکی نییە، چونکە گەندەڵی واتە دەستدرێژکردنە سەر موڵک و ماڵی گشتی و ئەو کەسەی ٥ملیار دینار یان ٥ملیۆن دینار بدزێت، لە ڕووی یاساییەوە وەکو یەکە**

**لە پێش ساڵی ٢٠١٤ کە بارودۆخی دارایی کوردستان باش بوو، دیاردەی بەرتیل وەرگرتن هەر ناوی نەمابوو، تەنیا حاڵەتی زۆر بچووک لەملاو لەولا دەکرا، کەچی ئێستاکە ئەو دیاردەیە لەژێر فشاری دۆخی خراپی ئابووری خەریکە سەرهەڵدەداتەوە**

**پلەکانی خوار وەزیر و بریکارەوە دێن، ئەوانی دیکە لە ئاستی بەڕێوەبەرەکاندان، پرسیار ئەوەیە ئایا کە لە بەرێوەبەرایەتی وەزارەتێك گەندەڵییەکی گەورە دەکرێت، هیچ بەشێکی ناکەوێتە ئەستۆی وەزارەتەکان؟**

- ئەگەر سەرجەم وەزارەتەکان بە وردی کاری خۆیان بکەن و لێپێچینەوە بکەن و ئەو ڕێنماییانەی خۆیان دەری دەکەن لەگەڵ ئەو یاساییەی کە وەزارەتەکە پێی دامەزراوە، وەکو خۆی جێبەجێی بکەن، ئەوە بە دڵنیاییەوە کەمترین گەندەڵی تێدا دروست دەبێت. هەروەها خاڵێکی سلبی دیکە ئەوەیە کە فەرمانبەری گشتی - ناڵێم هەمووی، بەڵکو بەشێکی- نەیتوانیوە وەك چۆن لە موڵکی تایبەتی خۆی دەڕوانیت، بەو شێوەیەش لە موڵکی گشتی بڕوانێت، مەبەستم ئەوەیە پێویستە چۆن داکۆکی لە موڵکی تایبەتی خۆمان دەکەین، ئاواش بەرگری لەموڵکی گشتی بکەین، کە لەو حاڵەتەدا گەندەڵی تا ئاستێکی زۆر دادەبەزیت، ئەمەش بە کۆمەڵێك هەنگاو دەکرێت، لەوانە: بە هۆشیارکردنەوەو جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و هەندێ جار بە پەیڕەوکردنی سزای ئیداری. هەروەها دامودەزگاکان خۆیان دەبێت دەستپێشخەر بن لەوەی کە هەر کەیسێکی گەندەڵی کە زانیارییان هەبێت لەبارەیەوە ڕەوانەی دەستەی دەستپاکی بکەن.

*** ئایا کەیسەکان کەرتی تایبەتیشی گرتۆتەوە؟**

- لەو کەیسانەی لەلامانە هەندێ کەیسی تێدایە کە لەسەر کەرتی تایبەتن، بەڵام یاساکەی دەستەی دەستپاکی زیاتر باسی ئەوە دەکات کەلەسەر کەرتی گشتی کار بکەین، بەڵام دەتوانین لەسەر ئەو کەیسانەی کەرتی تایبەتیش کار بکەین کە گرێبەستیان لەگەڵ کەرتی گشتی هەیە. بۆ نموونە کاتێك کۆمپانیایەك پڕۆژەیەك لە حکومەت وەردەگرێت لەوکاتەی کەموکوڕی لە خزمەتگوزارییەکان هەبێت، دەتوانین وەکو کەیسێك کاری لەسەر بکەین و زۆرجار سەرچاوەی بەشێك لە گەندەڵییەکان کەرتی تایبەتن. بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستێك پەنادەباتە بۆ کاری نایاسایی بە شێوەی بەرتیل، یان هەر جۆرێکی تر. بۆیە بە هاوشێوەی کەرتی گشتی پێویستە کەرتی تایبەتیش خۆی ڕێکبخاتەوە لەسەر بنەمایەکی ئابووری و یاسایی ڕاست.

*** لەچەند ڕۆژی ڕابردوو جێگری سەرۆك وەزیرانی کوردستان ڕایگەیاند، هەتا ئێستا لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازیدا، تەنیا توانیومانە لێکۆڵینەوە لە گەندەڵکارە بچووکەکان بکەین، بەڵام نەتوانراوە لێکۆڵینەوە لە گەندەڵکارە گەورەکان بکەین، ئایا تاچەند پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەیت؟ ئەگەر پشتگیری دەکەیت، ئەگەر گەندەڵکارە گەورەکان لیکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەکرێت و هەر ئاوا بمێننەوە، ئایا چاکسازی هیچ ئاکامێکی دەبێت؟**

- ئەم بارودۆخەی کوردستان بارودۆخێکی نموونەیی نییە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، چونکە لەکوردستان یاسا ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێت هەموو کەسێك لەم وڵاتەدا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەمە واقیعێکە لە کوردستاندا هەموومان تێیدا دەژین، بەڵام لە بری ئەوەی دانیشین و هیچ نەکەین، ئەوە باشترە هەنگاو بەهەنگاو ئەوەی پێمان دەکرێت ئەنجامی بدەین، تاوەکو بەرەو پێش بچین و لە داهاتوودا بگەینە ئەو حاڵەتەی کە بتوانرێت گەندەڵکارەکان لە هەر پلەو ئاستێکدا بن لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە، لەلایەکی تر وەکو دەستەی دەستپاکی هیچ کەیسێکمان خاوەنەکەی لە هەر پلەو پایەیەکدا بووبێت دوانەخستووە و هەر کەیسێك لەلای ئێمە تۆمارکرابێت و زانیاری لەسەر هەبێت، ئەوا کاری لەسەر دەکەین.

*** ئەگەر ئێوە هەر گەندەڵکارە بچووکەکان ئاراستەی دادگا بکەن، ئایا قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دەبێتە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر گوزەرانی خەڵکدا بێت؟ ئەگەر گۆڕانکاری دروست نەکات، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە کەمیی خزمەتگوزاری و ئاستی گوزەرانی خەڵك هۆکارە سەرەکییەکەی گەندەڵی نییە؟**

- من لە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە دەست پێدەکەم و دەڵێم ڕەوشی خراپی ئابووری کاریگەری لەسەر کەرتی گشتی و خزمەتگوزارییەکان دەبێت و بەداخەوە کۆمەڵێك دیاردەی خراپ لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بۆ نموونە لەپێش ساڵی ٢٠١٤ کە بارودۆخی دارایی کوردستان باش بوو، دیاردەی بەرتیل وەرگرتن هەر ناوی نەمابوو، تەنیا حاڵەتی زۆر بچووك لەملاو لەولا دەکرا، کەچی ئێستاکە ئەو دیاردەیە لە ژێر فشاری دۆخی خراپی ئابووری خەریکە سەرهەڵدەداتەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە شیرازەی ئیدارە لە فەرمانگەو دامودەزگاکانی حکوومی بە جۆرێك تێکچووە کە بەشێکی فەرمانگەکان دەوامێکی کەمیان تێدا دەکرێت، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خزمەتگوزارییەکان هەیە، هەروەها خراپیی

بارودۆخی داراییش دەبێتەهۆی ئەوەی جۆرێك لە چاوپۆشی لە هەندێ دیاردەی نایاسایی دەکرێت. ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە ئێوە پێی دەڵێن گەندەڵکارە بچووکەکان، ئەوا هەر کارێك بۆ ڕێگەگرتن و دژی گەندەڵی بکرێت، کاریگەری لەسەر باشبوونی کەرتی گشتی دەبێت و گەندەڵی گەورەو بچووکی نییە، چونکە گەندەڵی واتە دەستدرێژکردنە سەر موڵك و ماڵی گشتی و ئەو کەسەی ٥ملیار دینار یان ٥ملیۆن دینار بدزێت، لە رووی یاساییەوە وەکو یەکە، بەڵام ئەمەش بەوە چارەسەر دەکرێت کە پرۆسەیەکی چاکسازی ریشەیی دەست پێبکات. ئەمەش بەدەستی ئەو بەڕێزانەیە کە بڕیاردەرن لەم وڵاتەدا و ئێمەش هاندەر و پشتگیری بەردەوامی ئەو پرۆسەیە دەکەین و چاکسازیش یەکێك لە بنەماکانی سەروەریی یاسایە و یەکێك لە کۆڵەگەکانی دژە گەندەڵییە، هەروەها هەموو کەرتەکانی گشتی دەبێت خۆیان ڕێکبخەنەوە، هەر لەکەرتی پێشمەرگەوە تا نەوت و تەندروستی و پەروەردەو ناوخۆ. ئەم پرۆسە گەورەیە تەنیا بە دەستەی دەستپاکی ناکرێت، بەڵکو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەیاساکە هەیە، رۆڵی خۆمان دەبینین و هەموو کات گوتوومانە پرسی دژایەتی گەندەڵی دەبێت پرسێکی نیشتمانی بێت کە هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێم بەشێك بن لە پرۆسەکە، بە پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی چاودێری و میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەبەر ئەوەی دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکی ترسناکە و هیچی لە تیرۆر کەمتر نییە، چونکە تیرۆر راستەوخۆ مرۆڤەکان دەکوژێ، بەڵام گەندەڵی لەسەرخۆ و هەنگاو بەهەنگاو هەموو دامودەزگاکانی گشتی هەڵدەتەکێنێت و متمانەی تەواو لەنێوان حکومەت و خەڵك نامێنێت و وادەکات هاووڵاتی لەبری ئەوەی حکومەت بەهی خۆی بزانێت، ئەوا بە بەپێچەوانەوە، بەچاوی دوژمن و نەیار سەیری دەکات، بۆیە پێموایە ئەگەر بمانەوێت چارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیە بکەین، ئەوا دەبێت ئەم پرۆسەیە، پرۆسەیەکی سەرتاسەری و گشتگیر بێت، ئەو کاتە دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی و داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری کاروبارەکانیان باشتر بەڕێوەدەچێت و کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیش کاریگەرتر دەبێت.

*** کەواتە بەربەستەکانی بەردەم دژایەتی گەندەڵی چین ئەگەر ئێوە دەستنیشانیان بکەن؟**

- ئەم پرسە لایەنی بابەتی هەیە، وەك ئەو بارودۆخەی خراپەی کە لە کوردستاندا دروست بووە و ئاماژەمان پێکرد. لایەنێکی دیکە لایەنی زاتییە، واتە پەیوەستە بە خودی دەستەی دەستپاکییەوە، کە توانایەکی دارایی و مرۆیی کەمی لەبەردەستدایە، بۆ نموونە ئەم دەستەیە تەنیا ١٨دادوەری دادی هەیە لە کاتێکدا پێویستمان بە زیاتر لە١٠٠دادوەری دادییە و تەنیا لە شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك ئۆفیسی لێکۆڵینەوەمان هەیە. وڵاتانی دیکەش هاوکارییان نەکردووین، هەرچەندە لە ڕێی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ کۆنسڵەکانی ئەو وڵاتانەی لە هەرێمن کۆبوونەوەمان کردووە و داوای یارمەتی و هاوکاریمان لێکردوون، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە، پێگەیاندنی کادیرو شارەزایانیش پێویستی بە توانایيکی دارایی گەورە هەیە، بۆ نموونە باشترین پەیمانگای بۆ ئەو مەبەستە لە ڤێنایە کە پەیمانگای دژە گەندەڵییە بۆ راهێنان و ئامادەکردنی هەر کادیرێك پێویستی بە دەیان هەزار دۆلارە، هاوکات خودی دادگاکانی کوردستان هەمان کێشەی ئێمەیان هەیە، هەروەها دیوانی چاودێری داراییش.

*** بەپێی راپۆرتەکانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی دژی گەندەڵی، هۆکارەکانی هاندەری گەندەڵی زۆرن، زۆر جار سیستمی دادوەری و یاساکان بۆشایی ئەوە دروست دەکەن کە گەندەڵی بکرێت، ئایا بەپێی ئەزموونی ئێوە تاچەند یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان یاسای وەزارەتەکان بوونەتە هاندەر بۆ دروستبوونی گەندەڵی؟**

- بە تێڕوانینی من ئێمە پێویستمان بە پرۆسەیەکی گشتگیر هەیە بۆ پێداچوونەوە بە سەرجەم یاساکان، ئەمە خاڵێکی گرنگە و پرۆژەیەك لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان و بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئەو مەبەستە هەیە کە پێداچوونەوە بەسەرجەم یاساکان بکەنەوە لە کوردستان، چونکە کەموکوڕیی زۆر لەیاساکاندا هەیە و زۆرجار بەریەککەوتن لەنێوان یاساکان دروست دەبێت، ئەم بەریەککەوتنەش دەبێتە ڕێگر لە بەردەمی گرتنەبەری ڕێکار لەدژی گەندەڵی و یەکێك لە کارەکانمان کە باسی چاکسازی دەکەین، ئەوەیە کە دەبێت پێداچوونەوە بە تەواوی یاساکاندا بکەین، تاوەکو هەر بەریەککەوتنێکی یاساکان هەبێت، چارەسەری بکەین.

**باشترە هەنگاو بەهەنگاو ئەوەی پێمان دەکرێت ئەنجامی بدەین، تاوەکو بەرەو پێش بچین و لە داهاتوودا بگەینە ئەو حاڵەتەی کە بتوانرێت گەندەڵکارەکان لە هەر پلەو ئاستێکدا بن لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و رووبەڕووی دادگا بکرێنەوە**

**لەو کەیسانەی لەلامانە هەندێ کەیسی تێدایە کە لەسەر کەرتی تایبەتن، بەڵام یاساکەی دەستەی دەستپاکی زیاتر باسی ئەوە دەکات کەلەسەر کەرتی گشتی کار بکەین، بەڵام دەتوانین لەسەر ئەو کەیسانەی کەرتی تایبەتیش کار بکەین کە گرێبەستیان لەگەڵ کەرتی گشتی هەیە**

**وەزارەتی پلاندانان کاری باشی لەسەر گرێبەستە گشتییەکان کردووە و لەهەوڵدانە بۆ ئەوەی لەچەند ساڵی داهاتوو ئەم پرۆسەیە بە ئەلکترۆنی بکرێت**

**باشترکردنی کاروباری کارگێڕی و چەسپاندنی شەفافییەت لەهەموو کەرتەکان و باشتر بەدەستگەیشتنی زانیارییەکان بەدەستی رۆژنامەنووسان و هاووڵاتیان و.. تاد، چونکە چەند شەفافییەت زیاتر بێت، ژینگەی گەشەکردنی گەندەڵی لاواز دەبێت**